# بەیداخ

## کۆندۆلیزا رایس گەیشتە کوردستان



رۆژی15/ 2005/5 کۆندۆلیزا رایس وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا بۆ وتووێژ لە گەڵ سەرکردایەتی کورد گەیشتە کوردستان و لە لایەن بەڕێز بارزانییەوە پێشوازی لێکرا. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە بەردەم کامێرای رۆژنامەنووساندا لە سەلاحەدین گوتی: سوپاسی گەلی کورد دەکەم بۆ ئەو پێشوازییە جوانە و بۆ ئەو منداڵانەی کە بە گوڵ پێشوازییان لێکردم و گوڵیان پێشکەش کردم.

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە دیدار لە تەك بەڕێز مەسعوود بارزانی راشکاوانە رایگەیاند کە بۆ راوێژ لە گەڵ دۆستانیدا هاتووەتە کوردستان و گوتی: " بارزانی سەرکردەیەکی زۆر حەکیمە و هاتم لێرە گوێم لە قسەکانی راگرت و ئەوەی بەلامانەوە گرینگە مەسەلەی دەستوورە کە دەمانەوێ هەموو لایەك تێیدا بەشدار بن بۆ ئەوەی بتوانین لەو روانگەیەوە هەنگاوی راست بەرەو عێراقی دیموکراتی و فیدراڵی هەڵبگرین." رۆڵی کورد لە بڕیاری سیاسی عێراق و ناوچەکەدا رۆڵێکی دیار و بەرچاوە و لە ماوەیەکی کورتدا هاتنی دوو وەزیر و کەسایەتی پایەبەرزیی ئەمریکا بۆ کوردستان و چاوپێکەوتن و راگۆڕینەوەیان لە تەك سەرکردایەتی کورددا باشترین بەڵگەیە بۆ دیاریکردنی پێگەی کورد لە عێراق و ناوچەکەدا.

ئیتر ماوەتەوە تەبایی و گوتاری هاوبەشی کورد کە چۆن لەم پێگە سیاسییە بە هێزەی خۆی کەڵك وەربگرێ.


ژمارە ( 7 ) | گوڵانی 2705 کوردی –1384ی هەتاوی | یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان دەریدەکا | May 2005 | NO: (7)


# یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، پارتی ئازادیی کوردستان و پێشەنگی بزاڤی ناسیونالیستییە لە رۆژهەڵاتی کوردستان

بە بۆنەی گەڕانەوەی 30ی گوڵان، 14هەمین ساڵوەگەڕی لە دایکبوونی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، کۆمیتەی ناوەندیی لە بەیاننامەیەکدا، وێڕای پیرۆزبایی لە رۆڵەکانی گەلی کورد ئاوڕی داوەتەوە سەر بنەما سیاسیی و مێژووییەکانی دامەزراندنی و ئەو داهێنانە سیاسییانەی کە هێناویەتە نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

لە بەشێك لەو بەیاننامەدا هاتووە کە:" بەهاتنەمەیدانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان رێبازێکی فیکری و سیاسی نوێ و پێویست بۆ پرسی کورد و داهاتووی خەباتەکەی لە رۆژهەڵاتی نیشتمان، داهات و بە داهێنانی چەمك و دروشم و سیاسەتی تازەوە زەرورەتی خۆی سەلماند و بۆشاییەکی سیاسیی پڕ کردەوە. "لە بەشێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیەدا گوتراوە:" یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان یەکێ لە میراتگران و خوێن ئەستێنانی بە ئەمەگی پێشەوایانی ئازادیی کورد: نەهری، سمکۆ، هەڵۆکەی ئارارات و قازی و بارزانییە. لە برگەیەکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتووە:" لە دۆخێکدا کە رۆحی ئێرانچێتی بە سەر بزووتنەوەی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵ بوو، پێی لە سەر کوردستانی بوون داگرت". بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی بە لێکدانەوەی 14 ساڵەی خەباتی دەڵێ: " ئەمڕۆ لە ئاکامی بیر و هەڵوێست و رێبازی دروست و لە سایی خوێنی شەهیدان و رەنج و زەحمەتی تێکۆشەران یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بووەتە قەوارەیەکی سیاسی پێشمەرگەیی و پارتی ئازادیی کوردستان و پێشەنگی بزاڤی ناسیونالیستی لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

دەقی بەیاننامەکە لە لاپەڕەی 2 بخوێنەوە.

## فێستیڤاڵی بەدرخان لە دهۆك




لە یادی107ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی و دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە سەر دەستی نیشتمانپەروەری زیندوویاد "میقداد بەدرخان" و لە ژێر دروشمی "چەسپاندنی دەسەڵاتی چوارەم، تەواوکردنی پەیامی بەدرخانییەکانە" لە رۆژانی 21–2005/4/23 فێستیڤاڵێکی تایبەتی لە شاری دهۆك بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوو.

لە پاش کردنەوەی فێستیڤاڵ لە 2005/4/21 لە هۆڵی مەحەممەد عارف جزیری و خوێندنی سروودی " بەدرخانی خاك پەروەرم"، لادانی پەردە لە سەر پەیکەری میقداد مدحەت بەدرخان، فێستیڤاڵەکەی بە تەواوی رازاندەوە. شایانی باسە ئەو پەیکەرە بەرهەمی پەنجە رەنگینەکەی هونەرمەندی پەیکەرساز "زاهیر سدیق" بوو. دواتر وتارەکانی لێژنەی باڵا، پارێزگای دهۆك، پارلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستان و نامە و.... بۆ لاپەڕەی 5

## ناڕەزایەتی خوێندکارانی زانکۆی ئازادی سنەلە هەمبەر سەرکوت کردنی ئازادی رادەربڕین و پێشێل کردنی مافی خوێندکاراندا

ئا: هاوار



خوێندکارانی زانکۆی ئازادی ئیسلامی سنە لە مان گرتنێکی گشتیدا رۆژی چوارشەممە 21ی گوڵانی 1384ی هەتاوی ناڕەزایەتی خۆیانیان لە هەمبەر سەرکوت کردنی ئازادی رادەبڕین، پێشل کردنی مافی خوێندکار، نەبوونی ئازادی سیاسی و... دەربڕی و خوازیاری وڵامدانەوەی بەرپرسان لەم بارەوە بوون.

لەم مانگرتنەدا کە لە کات ژمێر 11/5ەوە دەستی پێکرد، خوێندکاران سەرەتا بە خوێندنەوەی بەیاننامەیەك مەرج و داخوازییەکانی خۆیانیان راگەیاند و پاشان چەند کەس لە خوێندکاران لە لایەن کولێژی تایبەتی خۆیانەوە بیر وبۆچوونی خۆیانیان لە مەڕ چۆنیەتی کۆ بوونەوەکە و ئەو داوخوازییانەی کە هەبوویان دەربڕی و ویستیاری وڵامی تایبەتیی بەرپرسی زانکۆ لە هەمبەر داخوازییەکاندا بوون.

ئەم مانگرتنە لەوەوە دەستی پێکرد کە چەند رۆژ لەمەو پێش بڕیار درابوو کە درگای هاتنە نێو زانکۆ و هەروەها رۆیشتنە دەرەوەلە زانکۆ بۆ کچان و کوڕان لێك جیا ببێتەوە، هەر ئەمە بووە هۆی زیندوو کردنەوەی چەند باس و بابەتێکی تر وەك: رێگەنەدان بە پەرە گرتنی بڵاوکراوە خوێندکارییەکان، بەرگری لە گرتنی کۆڕ و کۆبوونەوە لە سەر بابەتە جیاوازەکان، ئیزن نەدان بە دامەزراندنی ناوەند و بنکەی ئەدەبی فەرهەنگی، بەرگری لە هەر چەشنە چالاکی‌یەکی سیاسی و... لە لایەن بەرپرسان و کاربەدەستانی دەسەڵاتەوە لە هەمبەر خوێنکاراندا، کە لە ئاکامدا بووە هۆی خولقاندنی کۆبوونەوە و ناڕەزایەتییەکی بە هێز لە هەمبەر ئەم جۆرە سڕینەوە و پێشێل کارییانەدا.

بۆ لاپەڕەی 7

## دەسگیر کردنی ژمارەیەك لاوی کورد لە شارەکانی مەهاباد و پیرانشار

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە شارەکانی مەهاباد و پیرانشارەوە، لە لە نێوڕاستی مانگی گوڵاندا ئیدارەی ئیتلاعاتی رێژیم و هێزی ئینتزامی لە شارەکانی مەهاباد و پیرانشار، دەیان لاوی کوردیان دەسگیر و رەوانەی زیندان کردووە.

تاوانی لاوانی کوردی دەسگیر کراو ئەوەیە کە بە بۆنەی جەژنی نەتەوەیی خۆیان و سەرکەوتنەکانی باشوری کوردستان، شادی و خۆشییان دەر بڕیوە.

تا ئامادە کردنی ئەم هەواڵە، گیراوەکان هەر لە زینداندان و رێگە بە کەسوکاریان نەدراوە چاویان پێیان بکەوێ.

## درێژەی خۆپیشاندانەکانی شاری ئەهواز

بە پێی هەواڵێکی "ناوەندیی راگەیاندنی بەرەی دیموکراتیکی گەلی عەرەبی ئەحواز" راپێچکردنی لاوانی شاری ئەهواز بۆ زیندانەکانی ئەو شارە بەردەوامە و لە رێکەوتی 2005/5/13 لە ناوچەی"پردیس" دوو کەس ئێعدام کراوە و لە " ملاشیە" کەسێکی دیکە کوژراوە و تەرمی ئەو سێ کەسەیان ئاگر تێبەرداوە و دواتر فڕێیان داوەتە سەر شەقامەکان.

لە گەڕەکی " الثورە" وێڕای کۆنترۆڵی لە رادەبەدەری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، پرسە و سەرەخۆشی " علی جاسم بترانی" کە لە لایەن هێزەکانی سەرکوتگەرەوە شەهید کرابوو، بە بەشدارییەکی بەربڵاوی جەماوەری بەڕێوە چوو.

رێکەوتی 2005/5/14 جارێکیتر لاوانی ئەو شارە رژانە سەر شەقامەکان و لە گەڕەکی" الثورە" و شەقامی "مدرس" دەستیان دایە توندوتیژی وئەو خۆپیشاندانە، پێکدادانێکی خوێناوی لێکەوتەوە.

## گرتن و بێسەر و شوێن کردنی لاوێکی کورد

رۆژی15ی رەشەمەی رابردوو پیاوکوژانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی رێژیم لە شاری نەوسوو، لاوێك بە ناوی "کاوە ئەنوەری مەنش" لە نێو بازار دەستگیر دەکەن، بەڵام بە یارمەتی خەڵکەکە خۆ لە دەستی ئەو پیاو کوژانە رزگار دەکا. بەداخەوە، پاش ئەوەی تەقەی لێدەکەن دەیگرنەوە و لە گەڵ خۆیان دەیبەن و هەتا ئێستا بێ سەروشوێنە.

## 12 قوربانی کورد بۆ سەدی گاوشان

لە ماوەی دروست کردنی ئاوبەند(سەد)ی گاوشانی سنە، 12 کرێکاری کورد گیانی خۆیان لە دەست داوە. نەبوونی کەرەستەی پێویست و داتەپینی "حەفر" و توونێلەکان، لە سەرەکی ترین هۆکارەکانی مەرگی ئەو کرێکارانە بووە.

بێگومان کەمتەرخەمی کاربەدەستان و بایەخ نەدان بە گیانی کرێکارانی کورد دەچێتە پاڵ

## کوژرانی هاووڵاتییەك بە هۆی تەقینەوەی گوللە خۆمپارە

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە پیرانشارەوە، پاش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە 2005/5/4 لە سنووری شارۆچکەی حاجی عومەرانی باشوری کوردستان دوو هاووڵاتی کاسبکاری دانیشتووی پیرانشار، گوللە خۆمپارەیەکی بە جێماو لە مۆڵگەکانی هێزەکانی رێژیمی پێشووی عێراقیان پێدا تەقیوەتەوە و لە ئاکامدا یەکیان "حەمەدەمین خەراپە" دەسبەجێ گیانی لە دەسداوە و ئەوەی دیکەیان بەناوی "قادر چریك" بە خەستی بریندار بووە.

کوژران و بریندار بوونی دوو مرۆڤی کورد بەو تەرزە، خۆی لە خۆیدا شایانی سەرەنج و لێوردبوونەوەیە. لە لایەکەوە، ئاسەوارەکانی داگیرکردنی کوردستان ئەوەندە زۆرن کە پاش ئازاد بوونی بەشی باشوریشی، هەر نابڕێتەوە ولە لایەکی دیکەوە ژیانی رۆڵەکانی نەتەوەیەك دەردەخا کەچۆن لە حاڵێکدا سەر عەرز و بن عەرزی وڵاتەکەیان لە رووی ئابووریەوە خەزێنەیە، کە چی نان لە گەرووی شێردایە و بۆ دەستخستنی دەبێ گیان بسپێرن.

## یەکی شوبات و چواری ئایار، کورد بە چۆکدا ناهێنێ



لە پڕکوژیی رۆڵەکانی کورد و تیرۆر و پاکتاوکردن و کوشت و بڕی تاك و کۆمەڵی کورد، شتێکی نوێ نیە، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە تیرۆر سیمایەکی زۆر دڕندانەتری بە خۆیەوە گرتوە و لە پەلاماری لە پڕیی تاکێ یان لە پڕکوژیی کەسایەتییەك و هەڵهاتنی بکوژەکە لە شوێنی تاوانەکە تێپەڕیوە. تیرۆریستانی مێشك ئیشك و تاریکدڵ گەیشتوونەتە چڵەپۆپەی تاوان! سەرزلانی تیرۆریستپەروەر بە ناوی خوا و دین و ئیمانەوە خەڵکانێکی سادە و ساویلکە هەڵدەفریوێنن و تەماحی بە هەشت دەخەنە بەردەمیان هەتا بۆ تیرۆری خۆ کوژانە و خۆتەقاندنەوە، ئامادەیان بکەن و لە هیچ کردەوەیەکی دژی مرۆڤایەتیش سڵ نەکەنەوە!!

بۆ لاپەڕەی 7

## کانادا پێوەندییەکانی خۆی لە تەك کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە توندی بەرتەسك کردەوە.

دەوڵەتی کانادا بە بۆنەی خۆ بواردنی کۆماری ئیسلامی لە لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی کوژرانی " زەهرا کازمی" ناڕەزایەتی خۆی دەربڕی و پێوەندییەکی ئاسایی دەگەڵ رێژیمی تاراندا بە شتێکی مەحاڵ زانیوە و بڕیاری داوە بەشێکی بەرینی پێوەندییەکانی نێوانیان رابگرێ.

رۆژی سێشەممە رێکەوتی 2005/5/17 پییێرپتیگر وەزیری دەرەوەی کانادا لە بەیانێکدا گوتی: " رووداوەکانی رۆژی رابردوو جارێکیتر نیشانی دا کە نیزامی دادوەریی ئێران ئیرادەی پێویستی بۆ رووبەڕووبونەوە لە تەك بکوژان و قاتڵانی بێبەزەیی زەهرا کازمیدا نیە."

وەزیری دەرەوەی کانادا راشکاوانە لە بەیاننامەیەکی رەسمیدا نووسییەتی:" ئێمە لەمە بەولاوە پێوەندییەکانی خۆمان دەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە پەروەندەی زەهرا کازمی، مافی مرۆڤ لە ئێران و کارکردەکانی ئێران لە تاوانەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی کە گیانی مرۆڤ و بایەخە ئینسانیەکان، لایان بێ مانایە.



بواری راگرتنی چالاکی هەستەیی و ئەتۆمییەوە گرێ دەدەین. "شهرام اعظم" یەکێ لە دکتۆرانی یاسایی تاوانەکان بووە کە لە ئێران و بۆ خۆی چاوی بە ئاسەوارەکانی ئەشکەنجە لە سەر جەستەی زەهرا کازمی کەوتووە. ئەو پزیشکە کە لەم ماوەیەدا خۆی گەیاندۆتە کانادا و وەك پەنابەر وەرگیراوە دانی بەوەدا ناوە کە چاوی بە شکانی لووت، درانی پەردەی گوێ، ئاسەواری هەڵکێشانی نێنۆك و شەلاق و تەنانەت دەسدرێژی جنسی لە سەر ئەو رۆژنامە نووسە کەوتووە.

## شەهید کرانی 4 لاوی کورد لە سەرپولی زەهاو

بە پێی هەواڵێ کە لە ناوخۆی وڵاتەوە پێمان گەیشت لە " گردەنۆ" ی سەر بە شاری " سەرپولی‌زەهاو" 4 لاوی کورد لە لایەن هێزە چەکدارەکانی سوپای پاسدارانی رێژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامییەوە شەهید کراون.

گرتن و ئەشکەنجەی رۆڵەکانی کورد و کوشت و بڕ و وەبەر فیشەك دان و راوەدوونانیان لە لایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە شتێکی تازە نیە و بەردەوام کارەساتی پەیتا پەیتای لێکەوتۆتەوە. بێگومان هەتا کوردستان لە ژێر پۆستاڵی هێزەکانی داگیرکەردا بێ و هەر وا بە بندەستی بمێنێتەوە، ئاسودەیی و بەختەوەری، هێمنی و ئاسایش و حەوانەوە تەنیا خەون و خەیاڵە و لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا، ماف و یاسا و دادپەروەری بێمانایە و هیچ کارێکی بۆ ناکرێ. بۆیە تەنیا رێگەی چارەسەری ئەو کێشە کەونە و کۆتایی هێنان بە جینایەت و تاوان و کوردکوژی، هەر راماڵینی داگیرکەر و وەدەرنانیانە لە کوردستان.

# بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی 14هەمین

# ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

رۆڵە بەشەرەفەکانی نەتەوەی کورد !
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان !
خەباتگێڕانی رێگای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان !

بە گەڕانەوەی 30 گوڵانی ئەمساڵ، 14 ساڵ بە سەر راگەیاندنی دامەزرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا رادەبرێ.

14 ساڵ لەمەوبەر خەباتگێڕی ناسراوی بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی کوردسـتان، شەهید سەعید یەزدانپەنا لە سەرکردایەتی پۆلێك لە لاوانی خەباتگێڕی وڵاتەکەماندا بەردی بناغەی ئەو هێزە نەتەوەییەی دانا و لـە بنـاری چـیای کێوەڕەشـی باشـووری کوردسـتان بـە دەنگـی دلێـری خـۆی، رایگەیاند.

کۆمیتـەی ناوەنـدیی یـەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردسـتان بـەم بۆنەیـەوە گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی هەموو رۆڵە بەشـەرەفەکانی نەتەوەکـەمان و رێبـوارانی رێگای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بە گشتی و خەباتگێڕانی ریزەکانی RUK بە تایبـەتی و هـەزاران سـڵاوی ئەمـەگ و وەفـاش پێشکەشـی شـەهیدی دامەزرێنـەر کاك سەعیدی نەمر و سەرجەم شەهیدانی کـاروانی 14 سـاڵەی خـەباتی RUK و بنەماڵە سەربەرزەکانیان دەکا.

دامەزرانـدنی ئـەم هێـزە نەتەوەییـە وەڵامێکی مێژوویی بوو بە پێویستییەکانی بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی کوردسـتان و بەرهەم و ئاکامی پێکگەیشتنەوەی گەشەی فیکـری و پێگەیشـتوویی و قـاڵبوونی سیاسـی و رێکخراوەیـی لـە لایـەك و دەرفەتی لە باری سیاسی لە لایەکی دیکە بوو.

بە هاتنە مەیدانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردسـتان رێبـازێکی فیکـری و سیاسـی نـوێ و پێویسـت بـۆ پرسـی کـورد و داهـاتووی خەباتەکـەی لـە رۆژهـەڵاتی نیشـتمان، داهـات. RUK بە داهێنـانی چـەمك و دروشـم و سیاسـەتی تـازەوە زەروورەتـی خـۆی سـەلماند و بۆشـاییەکی سیاسی پڕ کردەوە وجیاوازییەکانی خۆی لە گەڵ باقی هێزە سیاسییەکاندا نیشان دا.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ئاڵای ئامانجە نەتەوەییەکانی هەڵگرت، ئیلهامی لە بیری رەسەنی بیرمەندانی گەورەی وەك خانی و حاجی وەرگرت و بووە یەکێ لە میراتگران و خوێن ئەستێنانی بە ئەمـەگی پێشەوایانی مەزنی ئازادیی کورد: نەهری، سمکـۆ، هەڵۆکـەی ئـارارات و قـازی و بارزانی.

لە دۆخێکدا کە رۆحی ئێرانچێتی بە سەر بزوتنەوەی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵ بوو، RUK پێی لـە سەر کوردستانی بوون داگرت.

لـە کاتێکـدا، ئێستاشـی لەگەڵـدا بـێ بـۆ هـەموو هێـزە سیاسـییەکانی دیکـەی کوردستان چوارچێوەی ئێران و پاراستنی تـەواوەتی خـاکی ئێـران پـیرۆز کـراوە، یـەکێتی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان تاکـە هێـزی سیاسـی سـەر گۆڕەپانەکەیـە کـە رزگـاری یـەکجاری و سـەربەخۆیی و دامەزرانـدنی دەوڵـەت و کیـانی نەتـەوەیی کردوەتە ئامانجی ستراتیژیی خۆی.

لە دەمێکدا خودموختاری تاقە دروشم و ئامانجی سیاسی بوو، RUK بۆ یەکەم جـار تەنانـەت لـە ئاسـتی کوردسـتانی گەورەدا بۆ ئەو قۆناغە رێگاچارەی فیدراڵی هەڵبژارد.

لـە حاڵێکـدا لـە پـاش کۆمـاری کوردسـتانەوە ئـاڵای پـیرۆزی کوردسـتان نەوی بوو و لە هیچ جێیەك بەدیی نەدەکرا، یـەکێتی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان ئـەو ئاڵایـەی هـەڵکردەوە و کردی بە بەشێك لە ناسنامەی سیاسی و رێکخراوەیی خۆی و هێنانە خوارێی ئاڵای داگیرکەر و هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی کردە بەشێکی گرینگ لە ئـەرکی خەباتگێڕانـەی و لـەم رێگایەشـدا خـوێنی پۆلێـك پێشـمەرگەی قارەمـانی، سووریی ئاڵاکەمانی نەخشاند.

لە بەستێنی نێونەتەوەییشدا RUK بە تێگەیشتن لە بارودۆخی نوێی جیهانی و کارلێکـەریی بـە سـەر پرسـی کـوردەوە، هەڵوێستی ئیدئۆلۆژیکیی لە دیپلۆماسیدا رەت کـردەوە و پێـی لـە سـەر دیپلۆماسـی نەتـەوەیی داگـرت. هـەر لـەو بـوارەدا دامـەزرانی ئۆرگـانێکی یـەکگرتووی کوردسـتانی بـۆ بەجێگەیانـدنی ئـەرکی دیپلۆماسی کوردی پێشنیار کرد.

لـە لایـەکی دیکـەوە پرسـی رزگـاری نەتەوەیی و خـەبات بۆ وەدەسهێنانی ماف و ئازادییە نەتەوەییەکان، RUK لە بابەتە دیمـوکراتی و کۆمەڵایەتییـەکان غافـڵ نـەکردووە و دابینکردنـی مافـەکانی ژنـان و کرێکـاران و زەحمەتکێشـانی مێشـك و بازووی لەو خەباتە بە جیا نەزانیوە.

ساڵانی لە دایکبوون و وەسەرپێکەوتنی RUK، سـاڵانێکی ئاسـایی و لـە بـار نەبوون. بە هۆی داگیرکراوی هەموو خاکی نیشـتمان لـە لایـەن هێـزە داگیرکـەرەکانی ئێرانەوە، قەت ئـەو دەرفەتـەی بۆ نەرەخسا وەك حیزب و لایەنەکانی دیکە، لانیکەم بۆ ماوەیـەك بـە ئـازادی لـە جەرگـەی شـار و گونـدەکانی وڵاتـدا لـە نزیکـەوە لەگـەڵ رۆڵـەکانی گەلەکـەمان تێکـەڵ بـێ و هـەر لە رۆژی دامەزرانـەوە تـا ئێسـتا لـە خـەباتی نهێنـیدا بـووە. لـە لایـەکی دیکـەوە لـەو ساڵانەدا رۆژهەڵاتی کوردستان لە رکوودی سیاسییدا بوو و هەستی نەتەوەیی لە نێو چین و توێژەکانی خەڵکدا کز و لاواز بوو. بێجگە لەوەش خەباتی کوردایەتی و بیری نەتـەوەیی و ناسیۆنالیسـتی لـە روانگـەی جۆراوجـۆرەوە لـە ژێـر هێرشـی خەسـتی رەوتە شۆڤینییەکاندا بوو.

بۆیـە لـە دایـك بـوونی RUK نـەك هـەر وەئەسـتۆگرتنی رەسـاڵەتێکی رەسـەن و مێـژوویی نەتـەوەیی بـوو، بـەڵکوو راسـان بەرامبەر رکوودی سیاسی و ئەو هێرشانە بـوو کـە دەکرایـە سـەر بیری نەتـەوەیی و خەباتی کوردایەتی.

کارنامـەی یـەکێتی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان هـەر ئـەو خەرمانـە داهێنانـە فیکـری و سیاسـییانە نـەبووە. RUK لـە عـەینی حاڵـدا لـە دژوارتـرین سـاڵەکانی چـارەگە سـەدەی رابـردووی بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی رۆژهـەڵاتی کوردسـتان – 1991 تـا 2000– لـە قـووڵایی هـەرێمێکی ئاڵۆز و پڕ کێشە و ململانێ و بەر تەماحی هێزە ناوچەییەکاندا و لە رۆژانی پڕ زەبر و زەنگی کۆماری ئیسلامی و دەسڕۆیشتنی دام و دەزگـا تێرۆریسـتییەکانی ئێرانـدا تـوانی نـەك هـەر سـەربەرزانە خـۆراگرێ؛ بەڵکوو لە وەشاندنی زەبری توند لە هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دەورێکی چالاك بگێڕێ، تا ئەو جێگایەی کە ساڵانی 1997و 1998 تـەنیا هێـزی پێشـمەرگەی یـەکێتی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان بـوو لـە قـووڵایی خـاکی وڵاتـدا زەبـری لـە دوژمنـی داگیرکەر دەدا.

لـەو سـاڵە بـە ژمـار کـەم و بـە رووداو زۆرانـەدا، یـەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان تووشی هەوراز و نشێو و هەستان و شکانی زۆر هات؛ زەبری قورسی وێکەوت و برینی قووڵی هـەڵگرت. بـەڵام هـەرگیز کۆڵی نـەدا و بە چۆکدا نـەهات. هێشتا زۆر شلك و ساوا بـوو کەوتـە بـەر رەشـەبای تیرۆریزمـی دەوڵـەتیی ئێـران و رێبـەرە لێوەشاوەکەی تیرۆر کرا. دەیان جار پیلانی بۆ هۆنرایەوە و تـاوانی لـە گـەڵ کـرا. دەیـان فەرمانـدە و پێشـمەرگەی بـەوەجی لـە مەیدانـەکانی بـەرەنگاری و بـەرگری لـە خـاکی پـیرۆزی نیشتمان یان لە ئەشکەنجەگاکانی کۆماری ئیسلامییدا گیانیان بەخت کرد. لە هەموو ئەوانە تاڵتر و جێی داختر، خوێنی پۆلێك لە باشترین کادر و پێشمەرگەکانی بە بێتاوانی لە لایەن هێندێ لایەنی کوردییەوە رژا.

بـەڵام سـەرەڕای نالـەباری ئـەو سـاڵانە و تەنگ و چەڵەمە و ئاستەنگییەکان، کاروانی رێبوارانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بێڕاوەستان لە رێدا بووە و ئەمڕۆ لە ئاکامی بـیر و هەڵوێسـت و رێبـازی دروسـت و لـە سایی خوێنی شەهیدان و رەنج و زەحمەتی تێکۆشـەرانی، یـەکێتی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان بووەتـە قەوارەیـەکی سیاسـی و پێشـمەرگەیی؛ بووەتـە پـارتی ئـازادیی کوردسـتان و پێشـەنگی بزاڤـی ناسیۆنالیسـتی و لـە بزوتنـەوەی رزگـاریخوازیی کوردسـتاندا سـەنگ و قورسـایی خـۆی هەیـە. بـیری نەتـەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردییش بووەتە بەهێزترین گوتاری سیاسـی نـاو کۆمەڵگـەی کوردەواری و ئـەو دەسـتە و تاقمانـەش کـە بـە نـاوی جۆراوجـۆرەوە بـەربینگیان بـە بزوتنـەوەی نەتەوایـەتی کـورد گرتبـوو، ئێسـتا نـوقمی قەیرانی سیاسی و رێکخراوەیین.

لـە دەسـپێکی 15یـەمین سـاڵی تێکۆشـاندا خـەباتگێڕانی یـەکێتی شۆڕشـگێڕانی کوردستان هـەر بە هەمان هەناسەوە کە 14 ساڵی رابردوویان پێبڕی، درێـژە بە خەبات دەدەن و ئاڵای ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کـورد هـەروا شـەکاوە رادەگـرن. لـەم بۆنـەدا داوا لـە رۆڵـە بەشـەرەفەکانی گەلەکـەمان دەکەین بۆ کەڵك وەرگرتن لە هەر هەلێکی لە بار، یەکگرن و ریزەکانیان یەکخەن. داوا لە هێز و کەسایەتییە نەتەوەییەکان دەکەین بۆ پێکهێنـانی بـەرەی یەکگرتووی کوردستانی هـەنگاو هەڵگرنـەوە. هـەروەها بانگێشـتی هـەموو کوردستانییەکان دەکـەین بۆ بـەهێز کردنی رێباز و خەباتی نەتەوەیی، پشتگیری عـەودالانی سـەربەخۆیی و بەدەوڵـەت بوونی کورد، خـەباتگێڕانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بکەن.

راوەستاو بێ یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
ئاڵا هەڵگری ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان

سەرکەوێ خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد
کۆمیتەی ناوەندی
یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

30 گوڵانی 2705
20 مایسی 2005

# وتووێژی دەنگی ئەمریکا لەگەڵ بەڕێز عەلی قازی



عومـەر فـەرهادی هـەواڵنێری رادیـۆ دەنگـی ئـەمریکا (بەشـی کـوردی)، لـە شـاری هـەولێر و لـە شـوێنی حەوانـەوەی بـەڕێز "عـەلی قـازی" کـوڕی پێشـەوا قـازی محەمـەدی زینـدوویاد، سـەردانی کـرد و چـەند پرسـیارێکی ئـارا ستەی بەڕێزیانکرد کە لە رێکەوتی 2005/4/18 رادیۆ ئەمریکا بڵاوی کـردەوە و ئێمـە لـە بـەر گرینگـی باسەکە لێرەدا دەقی ئەو دیمانەیە بڵاو دەکەینەوە.

سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی کوردەکـانی ئێـران بەرامبـەر بـە ئاکـامی هەڵبژاردنـەکان و بوونی بـەڕێز تاڵـەبانی بـە سـەرۆك کۆمـاری عێـراق و دەسـگیر کردنـی هەندێ لە خۆپیشاندەرانی کورد بـەم بۆنـەوە رێزدار عەلی قازی گوتی:

"وەختێکـی دەسـتووری کـاتی عێـراق تەسویب بوو وە دەوێدا مەسـەلەی فیدراڵ قبـووڵ کـرا مـادەی 58 بـۆ هەڵوەشـانەوەی تـەعریب لـە کـەرکووك قبـوڵ کـرا خـەڵکی کوردستانی ئێران لە شارەکانی بە تایبەت لـە مـەهاباد زۆر بـە گـەرمی بەشـدارییان لـە شـادی کـرد و ئـاڵای کوردسـتانیان بـەرز کـردەوە هـەروەتر پـاش ئـەوەی لیسـتەی کوردسـتان سـەرکەوتنێکی وا گـەورەی لـە هەڵبژاردنـەکانی عێـراق وەدەسهێنا خـەڵکی لە هەموو شارەکان هاتنە ناو خیابانەکان و شوعاریان دەدا و بە دەنگی بڵنـدەوە "بـژی کـورد" و "بـژی کوردسـتان" و بە شـادی و هەڵپـەڕین و گـۆرانی گـوتن لـەو شـادییە بەشدار بوون.

بـەڕێز عـەلی قـازی سـەبارەت بـە رووداوەکانی ئەم چەند رۆژەی دوواییدا لە شاری اهواز سەر بە ئۆستانی خوزستان لە باشووری ئێران گوتی: "ئەو رووداوانەی کە لـە چـەند رۆژی دواییـدا لـە خوزسـتانێ قـەوماون دیـارە بۆتـە مایـەی هـاودەردی دەربڕینی باقی گەلەکانی ئێران لە گەڵ برا عەرەبەکانمان لە خوزستانێ. ئەوە شتێکی ئاشـکرایە کـە ئێـران وڵاتێکـی چـەند میللەتییە، چەند میللەت لەو مەملەکەتەیدا دەژیـن وە هـیچ یـەك لـەو میللەتانـەی لـە ئێرانـدا دەژیـن بـە غـەیرەز میللـەتی فارس نـەبێ هـیچ مـافێکی نەتـەوەیی و مـافێکی سیاسییان نییە، تەنانەت ناتوانن بە زمانی زگمـاکی خۆیـان بخـوێنن وە مـەجبوورن لـە مەدرەسەی بە زمانی فارسی بخوێنن. لەو ماوانەی دوواییدا لە کوردستانی ئێرانێ لە نێو ئەو گەلانەی کە لە ئێرانێدا دەژین یەك پارچەگییەکی زۆر بە قووەت درووست بووە کە هەموو نەتەوەکانی غەیرە فارسی ئێرانی تێدا بەشدارن وە ئەو رووداوەی کە تازەگی لـە خوزسـتانێ رووی داوە بـە بیر و باوەڕی زۆر کەسان کە ئاگاداری مەسایلی سیاسـی ئێـرانن هـەروا ناکوژێتـەوە بـەڵکو ئۆمێـدیان هەیـە کـە لـە بەشـەکانی دیکـەی ئێـرانێش جووڵانـەوە دەس پێبکـا وە نەتـەوەکانی دی کە لە ئێرانێدا دەژین داوای حەقی خۆیان بکـەن. ئـەوەی کـە بۆتـە سـەبەبی ئـەو خۆپیشـاندانە لـە خوزسـتانێ ئەوەیـە کـە دەڵـێن ئـەو خەڵکانـەی کـە لـەوێ عـەرەبن ئەوانـە رادەگوێزرێنـەوە و لـە جـێ ئەوانـە خەڵکی دی لە ئێرانێ دێنن، دەیانەوێ یانی شـکڵی نەتـەوەیی مەنتەقـەی خوزسـتانێ بگـۆڕن. چـونکە خوزسـتان وڵاتێکـی زۆر دەوڵەمەندە، بەشی زۆری کانگاکانی نەوتی ئێرانـێ لـە خوزسـتانێدا هەیـە وە ئێـران مەترسی هەیە کە ئەو جووڵانەوانە کە لە نێـو گـەلانی ئێرانـدا هەیـە ببێتـە سـەبەبی ئـەوەی کـە خوزسـتان لـە ئێرانـێ جـوێ ببێتـەوە وە لـە بـەر ئـەوەی دەیانـەوێ میللیـەتی خوزسـتانێ بگـۆڕن وە خـەڵکی دی، وەکوو چۆن سەدام حسێن لە عێراقدا خـەڵکی کوردسـتانی تـەعریب دەکـرد، ئـەوانیش دەیانـەوێ عەرەبەکان بگوازنـەوە وە خەڵکی دی جێگیر بکەن لەوێ."

دەربـارەی پێکهێنـانی بەرەیـەکی کوردسـتانی کـە هێـزە کوردییـەکانی ئێـران کۆ بکاتـەوە لـە چـوار چێوەیدا عـەلی قازی گوتی: خـەڵکێکی زۆر ئەو پرسیارەیان لێ کردم لە بەرنامەیەکی راستەوخۆی K tv، وە بەشـێکی زۆر لـەو پرسـیارانەش لـە ئێرانـەوە دەهـاتن. سـەبارەت بـەوەی چ دەورێـك دەبیـنم، فەعالییـەت و خـەباتی من لەو بارەیەوە چییە؟ — من بەو شێوەیە لە مەسـەلەکە دەگـەم کـە خـەڵکی کوردسـتانێ ئاواتیانە بەرەیەکی کوردستانی پێکبێ لە حیزبـە کوردسـتانی و نەتەوەییـەکانی کوردی ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتێ یان لە کوردستانێ خەریکی خەباتن و داوا لە من کرا کە هەوڵی بە یەك گەیشتنیان بدەم .

لە کۆتـایی وتەکەییدا عـەلی قازی بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی کوردەکانی عێراق کە چۆن ئەوان دوای یەکگرتنیان سەرکەوتنیان وەدەسـهێنا بـوو وتـی:" هێـزە کوردسـتانییەکانی باشـووری کوردسـتان بوون کە بە ئاڵاهەڵگری رزگاری عێراق وە بـاقی ئۆپۆزسـیونی عێراقیـان لـە دەوری خۆیـان کـۆ کـردەوە وە چونکە لە مێژ بوو ساحێبی تەجروبە و خـەبات بـوون توانیـان زۆر بـە زوویـی ئـەو خەلەئـەی کـە لـە گـەڵ رووخانی رێـژیمی سەدامی لە عێراقی پێك هات بە زوویی پڕی بکەنەوە وە کوردەکانی ئێرانیش دەتوانن عەینی رۆڵ بازی بکەن. "

# بەیاننامەی کۆمەڵێ لە نووسەران، هونەرمەندان و رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو خۆی وڵات

گرنگایـەتی نۆهـەمین خـولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری لە ئێران لە ئاست بارودۆخی نێوخۆیی، نێونەتەوەیی و ناوچەی رۆژهـەڵاتی ناوین بۆ هـەمووان دیـار و ئاشـکرایە. هـەر بـەم بۆنـەوە سیسـتەمی سیاسـی ئێـران بـە دوای راکێشانی زۆرینەی جەماوەر بۆ بەشداری لـەم هەڵبژاردنەدایـە. بـۆ گەیشـتن بـەم مەبەسـتە دوو لایـەنی پـاوانخواز و ریفۆرمخـواز بـە چەشـنێکی بـەربڵاو هاتوونەتە مەیدان. لەم نێوانەدا یەکێك لەو ناوچانەی کە بەردەوام بە هۆی پتانسیەل و تایبەتمەندییە مێژوویی و نەتەوەییەکان گرنگایەتێکی بەرچاوی هەیە و ئـەم دوو لایەنـە هـەوڵ بـۆ جـێبەجێ کردنـی سیاسەتەکانیان ئەدەن، ناوچەی رۆژهەڵاتی کوردستانە. جیالە ستراتیژیەکانی هەر دوو لایـەن بـۆ راکێشـان و بـە دەسـت هێنـانی زیـادترین دەنـگ، ئێمـە بینـەری هەنـدێ بانگەشەی گشتی جەماعەتی سەربە لایەنی بـە نـاو ریفۆرمخـواز لـە کوردسـتانین. بـە سـەرنج بەوەیکـە لـە مـاوەی چـەند سـاڵی رابردوودا هەندێ لە بڵاوکراوە کوردییەکان بوونەتـە تریبـوونی ئـەو گرووپـەو و پڕۆپاگەنـدە بـۆ سیاسـەتەکانی خۆیـان بـە ناوی کورد و کوردستان دەکەن و بابەت و وتار لە لایەن چالاکانی فەرهەنگی. فکری کـوردەوە بـڵاو دەکەنـەوە، ئـەم چەشـنە چـالاکییە بووەتـە هـۆی سـەرهەڵدانی ئـەم ئەگەر و گومانە لای بیروڕای گشتی لە مەڕ سەر بە ریفۆرمخوازانی کورد لە نێوان ئەم نووسـەرانەدا، چـونکوو ئـەوان بـە نوێنەرایەتی خەڵکەوە خەریکی بڕیاردانن. هـەر بـەم بۆنـەوە ئێمـە نووسـەران، هونەرمەنـدان و رۆشـنبیران بـۆ پاراسـتنی حورمـەتی ئـەرك و مێـژوومان، واتـا سـەربەخۆیی کـردەوە کـە بـەر دەوام تایبەتمەنـدی بنـەمایی ئاوەهـا کەسایەتیگەلێکە لـە دیکـەی ناوچـەکانی دنیـا و خولـە جیاوازەکـانی مێـژوودا، لـە پێنـاوی روونـاکی بەخشـین بـە بـیروڕای گشتی جەماوەر بە پێویستی دەزانین بە بڵاوکردنـەوەی راگەیاندراوەیـەك خۆمان لە بانگەشـەی ئـەو جەماعەتـە کـە خۆیـان کـردووە بـە نوێنـەری خـەڵك و نـاوی ریفۆرمخوازی کوردییان لەسەر خۆ ناوە دوور دەکەینـەوە؛ چـونکوو بڕوامـان وایـە بانگەشە و دەنگی ئەو لایانە دەنگ و هاوار و بانگەشـەی تـەواوی چـالاکانی فیکـری و فەرهـەنگی کوردسـتان نییـە و نابێـت. ئـەم هەڵوێسـتە بـۆ دووری گـرتن لـە جەماعـەتی (اصلاح‌طلب کرد) بە مانای قەبووڵ کردنـی سیاسـەتی جەماعـەتی پاوانخوازیش نییـە، بـەڵکوو تەنیابـە مەبەسـتی پاراسـتنی مـاف رەوای هـەر رۆشـنبیرێکە کـە سـەربەخۆیی خـۆی بپـارێزێ و لـە پێنـاوی پاراسـتن و حورمەت وکەرامەتی مێژووی خۆی هـەوڵ و بڕیاری بدات.

جێ ئاماژەیە نووسـەرانی ئـەم راگەیاندراوە تـەنیا نوێنـەری روانگـەی خۆیـانن و بـۆ روانگەو بیر و باوەڕی دیکەی رۆشنبیران و جەماوەر لە پێناو بڕیاردان بۆ ئەم مەبەستە رێز و حورمەتمان هەیە.

1. شاناز ئەلیاسی
2. دانیال ئیمانی
3. مادێح ئەحمەدی
4. ئۆمید ئەحمەدزادە
5. بەهادین ئەدەب
6. کاوە باخوێشی
7. فاتێح بادپەروا
8. مەسعوود بینەندە
9. ئۆمید بەیگی‌زادە
10. جەمشید پەراوزان
11. فەرید پەروازە
12. سەیران تەوحیدی
13. سورەیا حسامی
14. عارف حسەینی
15. حسەین حەیدەری
16. فەرزاد حەسەن‌زادە
17. کاوە حسەین پەناهی
18. عەدنان حەسەنپوور
19. حسام دەستپێش
20. عەلی دلاوێز
21. ئەنوەر رۆشن
22. مەسعوود رۆستەمی
23. مەنسوور رەحمانی
24. سەعید ساعێدی
25. جەلال سەعیدزادە
26. حەمید ساعێدی
27. ئارش ساڵح
28. حەسەن سەلاح‌سۆران
29. هادی زیادینی
30. مەهدی زیادینی
31. خالێد عەلیزادە
32. ئەمین عەزیزی
33. حسەین عەزیزی
34. ئیرەج عێبادی
35. عادڵ غەریبی
36. جەهانگیر غەفاری
37. کەیوان فەرەهمەندی

بۆلاپەڕەی 7

## حوسێن یەزدان پەنا (سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان):

# جگە لە بە دەوڵەتبوون، هیچ خیارێکی دیکە کێشەی کورد چارەسەر ناکات

هەڤپەیڤین: شوان تاڤینگ – سلێمانی



*** ئێستا جموجۆڵ و گوڕتینێکی میللی بەرچاو لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەدی دەکرێت، ئێوە تەگەرە ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوەی ئازادیخوازی دیموکراتی کورد لە رۆژهەڵات لە چیدا دەبینن؟ ئەو فاکتۆرانە چین کە بوونەتە لەمپەر لە بەردەم ساغبوونەوەیەکی سیاسی نەتەوەیی؟**

– دەتوانم بڵێم دوو فاکتۆری سەرەکی بە ئاستەنگ دادەنرێت. یەکێکیان ئەوەیەکە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان هێزی سیاسیمان هەیە بەڵام نێوەڕۆکی نەتەوییان نییە. لە لایەکی دیکەشەوە هەندێك هێزی سیاسیمان هەیە خاوەن ئەزموون و رابردوون، بەڵام لە نێوان رۆحی ئێرانیبوون و رۆحی کوردستانیبووندا گیریان خواردووە، ئەم دوو خاڵە رێگرن لە بەردەم ساغبوونەوەیەکی سیاسی نەتەوەیی. دووهەم ئاستەنگیش ئەوەیە کە تا ئێستا هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات، هەماهەنگی و نزیکبوونەوە ومیکانیزمی بەرەیەکی کوردستانیان پێك نەهێناوە. من ئەو دوو ئاستەنگە بەگرنگترین فاکتەری نێوخۆیی دەبینم.

*** ئەی لەم نێوەندەدا رۆڵی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان چی بووە، تا لانی کەمیش بێت بتوانرێت پلاتفۆرمێکی سیاسی پێکەوەبنێین؟!**

– یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ساڵی (1991)ەوە لە یەکەم بەیانی دامەزراندنیدا، بەندێك لە بەیانەکەی بۆ چۆنییەتی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی تەرخان کراوە، کە پێمانوایە ئەمە زەرورەت و پێویستییەکی خەبات و جوڵانەوەی ئێمەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. هەمدیسان ئێمە لە سەر ئەو هەڵوێستەی خۆمان پێ دادەگرینەوە و، لە حاڵی حازردا ئێمە بانگهێشتی گروپ و هێزە سیاسییەکان دەکەین و داوا لە هەموو کەسایەتی و لایەنە ئازادیخوازەکان دەکەین کە بۆ پێکهێنانی ئەو بەرەیە هەموو هەوڵ و توانایەکی خۆیان بخەنە گەڕ. ئەگەر لە بارودۆخی ئێستاشدا ئەو بەرەیە ئێستا پێك نایەت ئەوا لایەنی کەم ئیئتیلافێکی سیاسی پێکەوەبنێین. ئەگەریش هەر ئێستا ئەو ئامادەگییە بەدی ناکرێت بە شێوەیەك هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات، بەیەکەوە بتوانین لە سەر پرسە سیاسییە دیار و هەنووکەییان و لەسەر ئەو رووداوانەی کە پێویستە کورد هەڵوێستی هاوبەشی هەبێت، پێکەوە دەست لە ناو دەست و هاوهەڵوێست بین.

*** ئێوە باستان لەوە کرد تا ئێستا زەمینە سازی بۆ پێکهێنانی بلۆکبەندی و بەرەیەکی هاوپەیمانی بنکە فراوان دروست نەبووە، تا بتوانن کۆڕی خەبات و تێکۆشانی سیاسیتان لە رۆژهەڵاتی کوردستان خورتتر بکەن. لەم سۆنگەیەوە دەخوازم بپرسم ئێوە وەکوو هێزێکی سیاسی، پەیوەندیتان لەگەڵ رەوت و تەوژمە سیاسییەکانی دیکەی رۆژهەڵات لە چ ئاستێك دایە؟ بەتایبەتی کاتێك سەرنج دەدەین هێز و گروپ و باڵی سیاسی و گەلەڕی دیکەش لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئاوا دەکرێن. هاوکات گوشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیش لە سەر رژیمی ئیسلامی ئێران روو لە زیادبوونن؟!**

– دیارە ئێمە لە بەر ئەوە چەند هێزە و لایەنێکی سیاسین، کە هەریەکەمان ئامانج و ستراتیژ و سیاسەت وتێگەیشتنی جیاوازمان هەیە. من پێموایە ئەگەر هێزەسیاسییەکانی رۆژهەڵات سەر لە خۆیان نەشێوێنن، ئەوا دەبێت لە ئامانجی وەدەستهێنانی مافی سیاسی بۆ گەلی کورد کۆك و یەکگرتوو بین. ئامانجی ئێمە دەبێ بۆ گەلی کورد و مافە رەواکانی بێت. جیاوازییەکان لەوێوە، لە وردکردنەوەی ئەو مافە سیاسییە دەست پێدەکات، بەڵام ئێمە بایی ئەوەندە خاڵی هاوبەشمان لەگەڵ یەکدا هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین بەیەکەوە کاری هاوبەش بکەین. بۆ نموونە ئێستا زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران لە سەر پرەنسیپی فیدرالیزم بۆ ئێران کۆکن، بەڵام رەنگە لە سەر شێوازی فیدرالیزمەکە جیاوازی لێکدانەوەمان هەبێت. ئێمە وەکوو یەکێتی شۆڕشگێڕان داوای دامەزراندنی سیستمێکی فیدرالی لە سەر بنەمای جوگرافی نەتەوەیی دەکەین.

***باشە ئەم تەرحە...؛ تەرحی فیدرالیزە کردنی ئێران، زیاتر لە ئەدەبیاتی سیاسی چ لایەنێکەوە سەرچاوەی گرتووە؟!**

– ئێمە دەبێ بە شاهیدی بەڵگەکان قسە بکەین. بۆیە کاتێك رۆشنبیر بەدوای راستییەکاندا دەگەڕێت، دەتوانێ دەستی پێیان رابگات. منیش بۆ ئەوەی بێ بەڵگە قسەم نەکردبێت، سەرنجتان بۆ ئەدەبیاتی سیاسی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران رادەکێشم. دوو چەمکی گرنگ کە جێگەی بایەخ بووە، ئێمە لە رۆژهەڵات دامانهێناوە. ئەمە جگە لەوەی کە لە ستراتیژی سیاسیشماندا هەیە. بێجگە لە مەسەلەی ئامانجەکان کە ئێمە لە هێزەکانی دیکە لە رووی ستراتیژی کارکردنەوە جیا دەکاتەوە، ئەویش پرسی بە دەوڵەتبوونی کوردە. هەر چەندە کە ئێمە کە پێ دادەگرین کورد مافی خۆیەتی ببێ بە دەوڵەت، پێشموایە دەبێت ئەو ئیمکانە سیاسییە دروست بکات. ئاشکرایە ئێمە هێزێکی کوردستانین و ئێرانچێتی ناکەین و لە سیاسەتماندا ئێرانچێتی نەبووە، لە نێو ئێراندا لە گەڵ هێزە ئێرانییەکاندا چ هێزی حاکم، چ هێزی ئۆپۆزسیۆن وەکوو تەرفێکی کوردی سیاسەت دەکەم.. هەروەها جگە لە جیاوازی بە شاهیدی بەڵگەکان ئێمە دوو چەمکی گرنگمان داهێناوە:

یەکەمیان؛ فیدرالیزم ئێمە دامانهێناوە پێش ئەوەی لە باشووری کوردستان، پەرلەمان جاڕی فیدرالیزم بدات. ئێمە لە ساڵی 1991 فیدرالیزممان بە گونجاوترین و لە بارترین و لانی کەمی ویست و ئارەزووەکانی کورد لە بارودۆخی ئێستادا داهێنا، مەسەلەی خودموختاری و ئۆتۆنۆمیمان تێپەڕاند. نووسراوەکانی ئێمە لە سەر سایتی حیزبمان ماوە کە لە دوو کتێب بە ناوی " مانڤێستی ئازادی" پێکهاتووە.

دووەم؛ بیرۆکەی بەری کوردستانیش بە هەمان شێوە ئێمە دامانهێناوە، لە مبارەیەوە ئێمە ئامادەین بۆ هەر موناقەشەیەك بە بەشداری هەموو لایەك لە لەگشت کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا.

*** پێتان وا نییە ئەمە زیادەڕۆییەکی سیاسیانە بێت، بەو پێیەی لەسەر زەمینەی واقیعدا کۆنسێپتی فیدرالیزمی ئەتنۆجوگرافی رووبەڕووی هەندێك ئیشکالی سیاسی و یاساییتان بکاتەوە، چونکە هێشتا ئەو ئیمکانە سیاسییە دروست نەبووە، لە لایەکی دیکەوە دەبینین هێشتا ئەو کۆنسێپتە لە عێراقدا هەرس نەکراوە و لە ناو ئەزمە دایە، لە کاتێکدا لێرە پێشینەیەکی لە باریشی بۆ رەخساوە، چۆن دەتوانرێت لە وڵاتێکی دەسپۆت و ئسولگەرایی وەکو ئێران ئەو کۆنسێپتە تەرجومەی نێو واقیع بکرێت؟! ئێوە بۆ چی هێندە جەخت لە سەر نەتەوە بوون وەك پرۆسەیەکی خەباتکردن دەکەونەوە، چونکە ئەگەر سەرنج بدەین ناسیۆنالیزمی کوردی بەو کۆنسێپتە کلاسیکییەی ئێستایدا دوچاری قەیرانی متمانە بووە، بەو مانایەی لە رەوشێکی گوما ناوی دەربازی نەبووە؟! ئەی پێتان وانییە لە ژێر کاریگەری گلۆبالیزم یشدا ئەو کۆنسێپتە هێدی هێدی بەرەو کاڵبوونەوە و قەراغی نەمان دەچێت؟!**

– نەخێر...من وای تێناگەم. ئێمە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە دەیەی هەشتای زاینییەوە بیری ناسیۆنالیزم و نەتەوە، کارکردن لە رووی تیۆرییەوە لە برەودا بووە. ئێستا مەسەلەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم زیندوترین باسە نەك لە کوردستان یان لە نێو نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بەڵکو لای زۆربەی زانایان و تیۆریستە بیانییەکانیشدا. بە بۆچوونی ئێمە هیچ شتێك جگە لە مەسیەلەی بە دەوڵەتبوون، ناتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکات. بەڵام خۆ بەدەوڵەتبوون، کورد لە ژیانی سیاسی دانابڕێت، بە پێچەوانەوە کورد دەکاتە یاریکەرێکی چالاکی نێو مەیدانی سیاسی.

*** بەڵام ناکۆکیەکی دیکە لەوە دایە کە، رەنگە ئێوە لەو قۆناغەدا نەتوانن گرەو لە سەر شوناسی کوردستانیبوون بکەن ئەوەندەی دەتوانن لە ناو بازنەی ئێرانیبووندا کار بکەن؟!**

– بەڵام ئەمەش رێگاچارەی هەیە. دیارە ئێمە لە نێو سیاسەتدا بە پێی واقیعبینی کار دەکەین و ئامانج و ستراتیژمان روونەدەکەینەوە. بەڵام لە کاری سیاسی رۆژانەدا بە پێی ورد بینی و توانا و دەسەڵات کار دەکەین، جا لێرەوە کە ئێمە لە بارو دۆخی ئێستادا گوتومانە فیدرالیزم دەتوانێت وەڵامی داخوازییەکانی گەلی کورد بداتەوە. ئەوا لە روانگەی ئێمەوە فیدرالیزم ئەبەدی کردنی لکاندنی کورد بە ئێران یان پارچەیەکی دیکەوە نییە. ئێمە بە قۆناغبەندی چاو لێ دەکەین، قۆناغێك بۆ ئامادەیی ناوخۆیی و دەرەکی، کە بتوانێت کورد بەرەو سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوون بگوێزێتەوە.

*** دەگوترێت ئێوە سەبارەت بە فەلسەفە و فۆرمی سیستمی سیاسی عێراقیش سەرنجێکتان هەیە، دەکرێت بە کورتی باسی پرۆژەی خۆتانمان لە بارەی باشوورەوە بۆ بکەن، بەڵام بێ ئەوەی بپرژێنە سەر باسە تیۆرییەکان؟!**

– سەبارەت بە باشووری کوردستان، من چەند مانگێك لە مەو پێش لە وتوێژێکدا ئەو بۆ چوونەم داوە. پێموایە فیدرالیزم بەو پێناسەیەی ئێستایدا کێشەی زۆری لە سەرە، چونکە نە سنووری یاسایی زۆر روونە، نە زەمانی کرداریش هەیە. واتە تەنها سەروەرییەکی ناوخۆیی دەبێت. بەڵکوو ئێمە بۆ چوونمان لە سەر کۆنفیدراتیك کردنی عێراقە، پێمانوایە ئەگەر چی بەرژەوەندییە نێو دەوڵەتییەکان وا دەخوازێ عێراق وەکوو چوارچێوەیەکی سیاسی بمێنێتەوە، بەڵام لە نێو عێراقدا دەبێ کورد دەوڵەتێکی فیدراتیکی هەبێت، واتە عێراق ببێتە سێ دەوڵەت؛ دەوڵەتی فیدراڵی کوردی، هەروەها عەرەبی سوننە و شیعەکانیش. گرفتێکی نابێت ئەگەر عەرەب لە یەك فیدراسیۆنیشدا بن. من پێموایە کۆنفیدراسیۆن کۆتایی دێنێت بەو کێشە و دەمەقاڵێیەی کە ئیسْتا لە سەر فیدراسیۆن هەیە، کە ئایا فیدراسیۆنەکە لە سەر شێوەی پارێزگاکان بێت یان جوگرافی و مێژوویی و هەر شێوەیەکی دیکە بێت. من ئێستا خەریکی گەڵاڵە کردنی بابەتێکم کە بۆ ئێرانیش هەمان بۆچوون دێنمە پێشەوە بە ناوی "کۆنفیدراسیۆنی ئێران". هیوادارم توانیبێتم لەو دەرفەتەدا وەڵامت بدەمەوە چونکە ئەو مەسەلانە باسی تیۆریش دێنێتە پێشەوە.

* لە رۆژنامەی "ئاسۆ" ژمارەی 83 رێکەوتی 2005/5/5بڵاو بوەتەوە.

# "ئەوەی تۆوی دڕك بچێنێ تا ماوە گوڵ نابینێ"

## سالار حیسامی

رێژیمی دژی مرۆڤایەتی ئێران بە درێژی تەمەنی پڕ لە جینایەت و تاوانیخۆی، سەروەت و سامانی گەلانی ئێرانی تالاًن کردوە و خۆیانگوتەنی "بیت المال" و داهاتی گشتی و سەرانەی دانیشتوانی ئێران و دۆلارە نەوتییەکانی لە رێگەی نادروست و لە دژی ئاسایش و هێمنی ناوچەکە و لە ئاستی نێو نەتەوەییدا، خستۆتە گەڕ و بناغەکانی ئێرهابییەت و تیرۆریسمی پێ دامەزراند و پەرەی پێ دا.

ئێران خاوەن سامانێکی مەزن و بەرچاوی سرووشتی و ئابوورییە، بەڵام رێژیمی میراتی خومەینی زۆربەی دەرامەت و داراییەکانی لە رێگەی دروست کردنی بشێوی و ئاژاوەنانەوە لە ناوچەکە و پەروەردەکردنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و بۆ هێزە چەکدارەکانی بەسیج و سوپای پاسداران بە فیڕۆ داوە. هەڵپە هەڵپی چنگ خستن و پەرەپێدانی پرۆژەی چەکی ئەتۆمی بە نهێنی و بە ئاشکرا، هەر وەها دزین و بن کیسە کردن و دێزە بەدەر خوونەکرنی ئاغازادەکانی رێژیم، کارێکی ئەوتۆی کردووە کە ئەو وڵاتە خاوەن سەرمایە و سامانە زۆرە، یەکێ لە قەرزارترین وڵاتای دنیا بێت.

ناوەندی زانیارییە ئابوورییەکانی بریتانیا لە شاری لەندەن، لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا سەبارەت بە قەرزەکانی ئێران بە وڵاتانی دەرەوە لە ساڵی 2004ی زایینیدا، ئاماژەی بە بڕی 13.5 میلیارد دۆلار کرد.

لەوێرا کە ویلایەتی فەقی ( فرماندە کل قوای بیت المال ) و دەوڵەتی ئاخووندی ئێران گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و هەڵدیرانی دەسەڵاتیان نێزیك بۆتەوە و بە هەموو شێوەیەك لە نێوخۆ و لە لایەن تەوژمی نێودەوڵەتییەوە، بوون و مانیان کەوتۆتە مەترسییەوە، بێگومان لە قەرزکردن و پتەو کردنی رێگاکانی هەڵهاتن خۆ نابوێرن و لەوانەیە لە ساڵی 2005 دا، قەرزەکانی دەرەکی ئێران هەڵکشانێکی سەیر و سەمەرەتری هەبێ.

مەودای نێوان دەوڵەت و کۆمەڵانی خەڵکی، گڕ و ئاسن، سەرکوت و کوشت و بڕ، پڕی کردۆتەوە. کاربەدەستانی دەوڵەتی بە هەموو شێوەیەك سەرقاڵی داتەکاندنی خەزێنەکانی حکومەتن. هەژاری و برسێتی و بێکاری پەرەی ساندوە و ئێران دەگەڵ فەساد و قەیرانی جۆراوجۆر رووبەڕوو بۆتەوە. رك و قینی بەربڵاوی جەماوەری لە رێژیم و سیاسەتە چەوتەکانی گەیشتۆتە چڵەپۆپە و ئەمانەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو رێژیمە رۆیشتنییە و ئیرادەی گەلانی ئێران رای دەماڵێ.

رێژیمێ کە پتر لە 355 کردەوەی تیرۆریستی سەلمێندراوی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێراندا گەیاندۆتە ئەنجام، حکومەتێ کە 85٪ی سەروەت و سامانەکانی وڵاتەکەی لە دەستی ئاخووندەکانی دەسەڵاتدارداية، دەوڵەتی کە تەنانەت لایەك لە خەڵکی خاوەن بەهرە و هەڵکەوتوو ناکاتەوە و 92.5٪ی نوخبەکانی خەڵاتکراویی ئۆلۆمپیادەکان، وڵاتی خۆیان بە جێ هێشتوە، رێژیمێ کە حیزبوڵڵاکانی عێراق و لوبنان و فەلەستین و ئەم پەڕ و ئەو پەڕی دنیا بەخێو بکا و لە سەرلەبەری گیتیدا تیرۆریسم بڵاو بکاتەوە چۆن قەرزدار نابێ و لە ژێر ئەو بارەدا ناموچێتەوە؟!

لە چوار ساڵی یەکەمی سەرۆك کۆماری خاتەمیدا، 900 ئێعدام، 16 بەردباران(سنگسار)، 72 کردەوەی تیرۆریستی جێ بە جێ کراوە. لە ساڵی 1378ی هەتاویدا خۆ پیشاندانەکانی کۆمەڵانی خەڵکی، 660جار لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە سەرکوت کراون. بوونی 6میلیۆن کەسی ئالوودە بە مادە سڕکەرەکان (معتاد)، مەرگ و میری خەڵکی نێو کارتۆن و مقەباکانی شارە گەورەکان، بوونی 20هەزار ژنی لەشفرۆش، تەنیا لە تارانی پایتەختدا، هەزاران منداڵی سەر شەقام و سەدان هەزار زیندانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و... تد، ئاکامی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانن. رێژیمی ئێران بە درێژی تەمەنی نەگریسانەیخۆی، هەر دڕووی چاند و لەو 26 ساڵەی دەسەڵاتیدا، گوڵێکی تەنانەت لە سەری نەتەوەی سەر دەستیش نەدا چ بگا بە گەلانی چەوساوە و ستەم لێکراوی ژێردەستی! ئەو دەسەڵاتە ڕەشە بە درێژی تەمەنی خۆی هەر درووی چاند و کردەوەی دژی مرۆڤایەتی نواند. ئێرانی خاوەن سامان و دەوڵەمەند لە سایەی وەلی فەقیدا تا بینەقاقا کەوتۆتە ژێر باری قەرزەوە و جگە لە دەمکوت و سەرکوتی دڕندانە، وەڵامێکی بۆ گەلانی جاڕز و تووڕەی ژێردەستی پێ نییە.

روون و ئاشکرایە دنیای سەردەم، دنیای مەرگی داگیرکەری و دیکتاتۆریەت و کۆتایی زوڵم و زۆردارییە، دنیای نەهێشتنی چەوسانەوە و بنبڕکردنی ترساندن و تۆقاندنە. جیهان بەرەو ئاشتی و ئازادی و یەکسانی هەنگاوی خێرا هەڵدەگرێ و سەرەڕۆیی و زۆرەملی بە مەرگ و نەمان مەحکوومە. پێشینیان لە خۆڕا نەیانگوتوە :" ئەوەی تۆوی دڕوو بچێنێ تا ماوە گوڵ نابینێ.

# كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران و خۆ بەخاوەنكردنی داهێنانەكانی ئێمە و گرفتی پێناسی سیاسیی

شەماڵ پیران

پێویستیی سەرهەڵدانی هەر هێزێكی سیاسی بە داهێنان و هێنانە گۆڕێی كۆمەڵێك چەمك و بیرو بۆچوونی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگاوە دەسەلمێ. یان بە واتایەكی دیكە پێكهاتنی هێز ولایەنی سیاسی لە ئاكامی پێویستیەك یان بۆشاییەكی هەست پێكراوی نێو گۆڕەپانی سیاسی كۆمەڵگاوە دێتە ئاراوە. بۆیە هەرهێزێكی سیاسی كە پێدەنێتە مەیدانی چالاكی و هەلسووڕانی سیاسییەوە دەبێ هەڵگری كۆمەڵێك بیروبۆچوون و پەیامی نوێ بێ كە جیاوازی ئەو هێزە لەگەڵ هێزەكانی‌دیكە دەربخا.

یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان وەك هەر هێزێكی سیاسی ڕەسەن لە دەرفەتێكی سیاسیی مێژوویدا بە كۆمەڵێك داهێنانەوە پێی نایە گۆڕەپانی خەبات و هەڵسووڕانی سیاسییەوە. لە دایك بوونی RUK هاتنە مەیدانی نەوەیەكی نوێ و پێگەیشتوویی سیاسی ژمارەیەك لاوی نەتەوەكەمان بوو؛ هاتنە مەیدان و پێگەیشتنێك كە داهێنانی سیاسی بە دواداهات و ڕێكخراوێكی نەتەوەیی و كوردستانی وەك یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستانی لێكەوتەوە كە ئەمڕۆ بە هەق پێشەنگی فیكریی و سیاسی بزاڤی ناسیۆنالیسمی كوردی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستانە.

ئەوەی تاڕادەیەك سەرنجی ئەدەبیاتی سیاسی و خەبات و تێكۆشانی RUK دابێ و لەگەڵ ڕوودا و جموجۆڵە سیاسییەكانی كوردستان بووبێ، لێی ئاشكرایە كە RUK هەڵگری كام پەیامە و داهێنانە سیاسییەكانی كامانەن. یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان یەكەم ڕێكخراوی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی كوردستانە كە لە سەر خاكی نیشتمان ولە جەرگەی خەباتی بەكردەوە لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان دروشمی سەربەخۆیی كردوەتە ستراتیژی خەباتەكەی. ئەوە لە كاتێكدا بوو كە دروشم و ستراتیژی جووڵانەوەی كورد لە كوردستانی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی خودموختاری تێنەپەڕیبوو. بە لە دایك بوونی RUK گۆڕانێكی بنەڕەتی لە ئامانج و دروشمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان پێكهات، پێكهێنانی قەوارەیەكی سیاسی سەربەخۆی نەتەوەیی و خەباتی كوردستانی و بیری نەتەوەیی كوردی بوو بە ناسنامە و پەیامی ڕاستەقینەی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان.

RUK لە ماوەی ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانەیدا زۆر سەروەری و داهێنانی سیاسی تۆمار كردوە. لە یەكەم ڕاگەیەندراوی دامەزرانیدا بە ڕوونی ئاماژە بە پێویستی پێكهێنانی بەرەی كوردستانی لە نێوان هێزە كوردستانیەكاندا كراوە و ئامانجی پێكهێنانی چوارچێوەیەك بۆ هاوكاری هێزە كوردییەكان بەشێك بووە لە بەرنامە و كاری سیاسی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان. بە درێژایی 14 ساڵ خەبات لە زۆربەی بەیاننامە و ڕاگەیەندراوەكانیدا ئاماژەی بە پێویستیی پڕ كردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە لە نیو بزووتنەوەی كوردستانی ڕۆژهەڵاتدا كردوە و بە كردەوە هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە.

لە داهێنانە سیاسییە بە نرخەكانی دیكەی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان هەلبژاردنی سیستمی فیدراتیو وەك گونجاوترین جۆری پێوەندی لەگەڵ حكومەتی ناوەندی لە بارودۆخی ئێستادایە. گرینگی هەلبژاردنی دروشمی فیدرالی لەوەدایە كە لە هەموو كوردستانی گەورەدا یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان یەكەمین دەسپێشخەریەتی. ئەگەر كەسانێك بەرژەوەندییان لە نەدیتنی ئەو ڕاستییەدا هەیە، قسەیەكمان نییە، بەڵام ئەگەر هەن كەسانێك كە ئاگایان لێ نییە با بڕواننە ئەدەبیات و دیكۆمێنتە سیاسییەكانی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان.

یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان وەك هێزێكی تەواو كوردستانی هێماكانی نەتەوەیی بوون و خەباتی كوردستانی بە تەواوی لە خۆیدا بەرجەستە كردووە. لە پاش كۆماری كوردستانەوە یەكەم هەڵگر و هەڵكەری ئاڵای كوردستانە و ئاڵای كوردستان وەك هێمایەكی یەكێتی نەتەوەیی گەلەكەمان بە درێژایی مێژووی خەباتی RUK هەمیشە لە بنكەو بارەگاكانی شەكاوەتەوە و بەشێكی جیا نەكراوە لە ناسنامەی سیاسی و ڕێكخراوەیی بووە؛ لە زۆربەی ناوچەكانی كوردستان و شارو گوندەكانی بە دەستی پارتیزانەكانی هەڵكراوە و ڕەنجی بۆ دراوە. مرۆڤی پاك وخاوەن هەست ناتوانێ لە دیتنی دیمەنەكانی سیدی هەڵكردنی ئالای كوردستان لە لایان RUK خۆشی و شادیی داینەگرێ.

یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان بەو داهێنانە سیاسیانەوە بوو تازەیی و پێویستی لە دایك بوونی خۆی و جیاوازی لەگەڵ هێزە سیاسییەكانی دیكەی سەر گۆڕەپانەكە سەلماند. خۆ ئەگەر ئەو داهێنانانە و ئەو جیاوازیانە نەبوایەن دامەزرانی زەرووری نەدەبوو. بۆیە مافی خۆیەتی شانازی بە دەورەی خۆیەوە بكا و ڕێگە بۆ كەس چۆڵ نەكا خۆ بكاتە خاوەنی داهێنانەكانی و لە سەر خۆی تۆماریان بكا.

بە داخەوە هەر لە پاش ساخكردنەوەی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران، دیاردەیەكی سەیر بووەتە بەشێك لە بەرنامە و كاری سیاسی ئەو هێزە. ئەویش خۆ بەخاوەن كردنی ئەو چەمك و داهێنانە سیاسییانەن كە ساڵەهای ساڵە خەڵكی‌تر لە پێناویدا دامەزراوە و خەباتی بۆ كردوە. ڕێبەرایەتی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشان هەموو ئەو داهێنانە سیاسیانەی كە یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان هێناونیەتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی كوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە و جیاوازییەكانی لەگەڵ هێزەكانی دیكە دەسەلمێنێ؛ لە ئەدەبیاتی هەڵدەبژێرێ وبە ناوی "دروشم"، "دەستپێشخەری"، "گەلاڵە" و "پێشنیار"ی تەڕ و تازە تەحویل خەڵك و لایەنگرانی خۆی دەدا. نموونەكانی ئەوخۆ بەخاوەن كردنانەی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی‌كوردستانی ئێران ئەمانەی خوارەوەن:

**یەكەمیان چەمكی فیدرالیسمە.** هەموو ئەوانەی ئاگاداری دامەزرانی و سیاسەت و هەڵوێستەكانین دەزانن كە ئەم چەمكە بۆ یەكەمین جار ساڵی 1991 RUK وەك باشترین ڕێگا چارەی كێشەی كورد لە بارودۆخی ئەمڕۆدا، هەڵیبژارد. چاوخشانێكی خێرا بە سەر بەرگی یەكەمی كتێبی مانیفێستی ئازادیی‌دا ئەو ڕاستییە ڕووندەكاتەوە. بەڵام كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران بە 10ساڵ جیاوازی لە زەماندا واتە ساڵی 2000 ئەو شێوەیەی بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد قبوول كرد. كەچی ئیدیعا دەكا ئەو فیدرالیسمی هێناوەتە نێو بزووتنەوەی سیاسی كوردستانی ئێران و بۆ یەكەم جار كردوویەتە دروشمی خۆی!

**دووهەم شت، چەمكی " بەرەی كوردستانی"یە.** ئەم چەمكەش بۆ یەكەم جار، تەنانەت وەك ناوهێنان هەر یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان هێنایە ئەدەبیاتی سیاسیی كوردی ڕۆژهەڵاتەوە. یەكەمین بەیاننامەی RUK، واتە ڕاگەیەندراوی پێكهێنانتنی، بەندێكی تەواوی بۆ باس لە بەرەی كوردستانی تەرخان كراوە. بێجگە لەوەش " بەرەی كوردستانی" لە ئەدەبیاتی RUK دا كتێبێكی ئەستووری لێ دروست كراوە. هەر مرۆڤێكی بە وێژدان پاش خوێندنەوەی مانیفێستی ئازادیی هیچ گۆمانی لە ڕاستی قسەی ئێمە نامێنێ. ڕێبەرایەتی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران، كە پێشتر دژایەتی خۆی لەگەڵ ئەو جۆرە چەمك و سیاسەتە نەدەشاردەوە، پاش ئەوەی ساڵی ڕابردوو، ئەو چەمكە لە لایەن ژمارەیەك ئازادیخوازی نەتەوەیی و خودی RUK ەوە وروژێنرا، بۆ ئەوەی لە كاروان جێ نەمێنێ، بە پەلە و بێ موتاڵایەكی ورد ومامەڵەیەكی دروست، خۆی هاویشتە نێو ئەو باسەوە. كەچی زۆری پێنەچوو كە خۆی لێ بووە خاوەنی بیرۆكەی بەرەی كوردستانیش!!؟

**سێهەم بابەت لەو زنجیرە خۆ بەخاوەن كردنانە، بابەتی " بەرەی گەلانی ئێرانە".** باجارێ ئەو باسە بخەینە لاوە كە كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران لە ڕابردوودا، چەندە پرسی نەتەوەیی و نەتەوایەتی لا بێبایەخ بووە و لەم بابەتە ورد بینەوە.

17 مانگ لەمەوبەر یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان پێكهێنانی **بەرەی گەلانی ئێرانی** لە كونفرانسی 4یدا خستە بەر باس و لەو پێوەندییەدا بڕیارنامەیەكی پەسەند كرد كە لە چەند خاڵێكدا لایەنەكانی پێویستیی پێكهێنانی ئەو بەرەیەی شی كردوەتەوە. هەروەها 8 مانگ لەمەوپێش لە بانگەوازێكدا ئەو بیرۆكە و پێشنیارەی ئاراستەی نەتەوە بندەستەكانی ئێران كرد و بە خۆشحاڵییەوە لە لایەن زۆربەی هێز ولایەنەكانی نەتەوە ژێردەستەكانی ئێرانەوە وەڵامی پێدرایەوە و لە ئاكامدا كۆمیتەی هاوكاری نەتەوە ژێردەستەكان لە لەندەن پێكهات. كەچی ڕێبەرایەتی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕ پاش 11مانگ لەو كونفرانسە و 2 مانگ لەو بانگەوازە بە جۆرێ ئەو بابەتەی هێنایە گۆڕێ كە ئەڵێی ئەوەش یەك لە داهێنانەكانی كۆمەڵەیە. بەڕێز عەبدوڵڵا موهتەدی لە بابەتێكدا لە ژێر سەردێڕی"بەرەی گەلان، زەمینە و كاركردەكانی"دەڵێ: ئیدەی بەرەی گەلان لە لایان كۆنگرەی 10ی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕەوە بووە و تازەیی هەیە!؟

زیادەڕۆیی دۆستانی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕمان لەم بوارەدا گەیشتووەتە ئاستێك كە جاری وایە تەنانەت لە ئەدەبیاتی ڕێكخراوەییاندا لە بە كارهێنانی ڕستە و دەستەواژە ناسراوەكانی ئەدەبیاتی سیاسی یەكێتی شۆڕشگێڕانیش خۆ نابوێرن. زیاد لە جارێكیش ئەو هەواڵانەی RUK لە سەرچاوەی تایبەتی خۆیەوە وەریگرتوون و بڵاوی كردوونەوە، پاش ماوەیەك بە نێوی هەواڵی نوێ و بە نێوی كۆمەڵەوە بڵاوی كردوونەوە. خۆ ئەگەر لە دەقی هەواڵەكەی RUK دا هەڵەیەكیش ڕووی دابێ، ئەو هەڵەیەشیان نووسیوەتەوە!!

ئەوانەی هەڵوێستەكانی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێرانیان لە ساخبوونەوەوە تا ئێستا بە وردی بەر سەرنج داوە دەزانن كە ئەم سازمانە نەك هەر لە ڕووی فیكری و سیاسییەوە تا ئێستابە تەواوی "ساخ" نەبووەتەوە بەڵكوو گرفتی پێناسە كردنی خۆی بۆ بووەتە كێشەیەكی جیدی. ئەم ڕاستییەش لە "تناقضات"ی زۆر و زەوەندی نێو ڕەفتار وهەڵوێست و نووسراوەكانیدا بە ڕوونی دەبیندرێ.

خۆ بە خاوەن كردنی داهێنانە سیاسییەكان ولاسایی كردنەوەی ئەدەبیاتی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان نەك هەر ئەو ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن بەڵكوو دەریدەخەن كە كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران دەیهەوێ بە كەرەستە و بەرهەمە فیكری وسیاسییەكانی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان لەم دەورەیەدا خۆی پێناسە وساخ بكاتەوە!

دێڕكانی سەرەوە نمونەیەكی دیكەی "ڕەخنە وئاشكراویژی"ئێمەن. لە كرانەوەی دەرگای دیالۆگ لە سەریان پێشوازی دەكەین.

# بەیاننامەی دامەزراندنی "بەرەی گەلان بۆ مافی دیاری كردنی چارە نووس لە ئێران"

بە هەوڵ و تێكۆشانی ژنان وپیاوانی خەباتگێڕیی گەلانی بندەستی ئێران كە خاوەن گەلێ قوربانین لە ڕێگای ڕزگاریخوازیدا، ماوەی 1 مانگ پاش كۆنفرانسی مێژوویی و سەركەوتووی نوێنەرانی حزب و ڕێكخراوەكانی سەر بە گەلانی بندەست( 2005/2/19 لەندەن) كە لە ئەنجامی چەندین دانیشتن و ڕاوێژ و ڕاگۆڕینەوەی درێژخایەن و هەروەها لە ئاكامی هەوڵ و چالاكی لێبڕاوانە و لە خۆ بردوویی بەرپرسانەی نوێنەرانی بەشدار ئاكامی باشی هەبوو، سەرەنجام ڕێكخراوە خەباتگێڕەكانی گەلانی كورد، توركی ئازەربایجان، توركمەن، بەلووچ و عەرەب لە بەرەیەكی بەرفراواندا یەكیان گرت هەتا بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافە ئینسانی و سیاسی و نەتەوەییەكانی تاك بە تاكی گەلانی ژێر زوڵم و زۆریی نەتەوەیی لە ئاستی ئێرانی ئەمڕۆ و ناوچەكە و جیهاندا درێژە بە خەباتی هاوبەشی خۆیان بدەن و هاوكات لەگەڵ ڕاگەیاندنی لە دایك بوونی بەرەی خەباتی هاوبەشی خویان لە ئەستاندنی تەواوەتی مافەكانیان داكۆكی بكەن و لە سەر زەروورەتی یەكڕیزی و یەكگرتنی خەباتی هەموو گەلانی ستەم لێكراوی بندەستی ئێران پێدابگرن و لە دژی نیزامی دەسەڵاتداری سەركوتگەر و هەر نیزام و ڕێژیمێك كە ئەم مافانە لە بەر چاو نەگرێ بوەستن.

گەلانی قارەمان و خەباتگێڕانی ستەم لێكراوی بندەستی ئێران:

ڕێكخراوەكانتان لە قەوارە و شێوازێكی نوێدا بە ناوی " بەرەی نەتەوەكان بۆ مافی دیاری كردنی چارەنووس- ئێران" ئەم سەر كەوتنە گەورە و پیرۆزە كە هەنگاوە سەرەتاییەكانی گەیشتن بە ئازادی و مافی دیاری كردنی چارەنووسی تێدا دەستەبەر كراوە، لە هەموو گەلانی بندەستی ئێران پیرۆز دەكا و ئێمەش گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی هەموو خەباتگێڕانی چیاكانی كوردستان و دارستانەكانی ئەهواز و تاك تاكی حیماسە خوڵقێنەرانی زەحمەتكێشی بەلووچستان و تێكۆشەرانی خەباتگێڕی توركمەن سەحرا و سەرجەم شەهیدانی گەلانی بندەستی ئێران دەكەین كە لە پێناو ئازادی و مافی ڕەوای گەلەكەیاندا بوون بە قوربانی بۆ گەل و خاك و نیشتمانەكەیان.

ئێمە ئەندامانی ئەم بەرەیە بە گەلانی خۆمان بەڵێن دەدەین كە بە ئەوپەڕی هێز و تواناوە تا دوا ساتەكانی ژیانمان لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و دیمۆكراسی و مافی دیاری كردنی چارەنووس و وەدیهێنانی ژیانێكی پڕ لە سەروەری بۆ گەلەكەمان لە هەموو ڕێگا و بوارێكی نێوخۆیی و دەرەكییەوە، درێژە بە خەبات بدەین و تا دەستە بەركردنی هەموو مافەكانمان دەس لە خەبات و چالاكی هەڵنەگرین. هەروەها لە سەرجەم ژنان و پیاوانی خەباتگێڕی گەلانی بندەست داواكارین كە لەم پێناوەدا یارمەتیمان بدەن و هاریكاریمان بكەن تا بە مافی ڕەوای خۆمان بگەین و لە هەر جۆرە زوڵم و زۆرێك و لە ژێر هەر ناو و ناتۆرەیەك وبە هەر بۆنەیەكەوە، خۆمان ڕزگار بكەین و ئازادی و سەربەرزی و سەربەستی خۆمان دەستەبەر بكەین و چارە نووسی خۆمان بە دەستی خۆمان دیاری بكەین، هەتا وەك گەلانی دیكەی جیهان داهاتوو و چارە نووسی خۆمان بە دەستی خۆمان دیاری بكەین و هەروەك گەلانی دیكەی جیهان داهاتوو و چارەنووسی خۆمان بە خەباتی هاوبەش لە دژی زوڵم و دیكتاتۆری و زەوت كردنی مافەكانمان و بۆ بە دی هێنانی دنیایەكی بەری لە دەس درێژی و هەڵاواردنی نەتەوەیی و كۆمەڵایەتی خەبات بكەین.

ژنان و پیاوانی خەباتگێڕی گەلانی بندەستی ئێران و ڕێكخراوەكانی ئەندام لە بەرەی گەلان بۆ مافی دیاری كردنی چارە نووس لە لایەكەوە لە سەر مافی دیاری كردنی چارەنووسی تاك بە تاكی گەلان و بونیادنان و سەقامگیر كردنی دیمۆكراسی و سكۆلاریزم بۆ داهاتوو پێدادەگرێ و لەلایەكی دیكەوە لە دژی هیچ تاقم و گروپ و كۆڕ و كۆمەڵێكی‌تر، یەكیان نەگرتووە و بەڵكوو دستیان دەنێو دەستی یەك ناوە تا لە مافی ئینسانی وسیاسی و میللی خۆیان و لە سەرووی هەموویانەوە مافی دیاری كردنی چارە نووس بەرگری بكەن.

هیوا دارین لە داهاتوویەكی نزیكدا وێڕای هاوكاری و هاریكاری هەموو ئەو حزب و ڕێكخراوە و كۆڕ و كۆمەڵە سیاسیانەی كە لەم بەرەیەدا ئەندام نین، ئەو ڕێكخراو و ئەحزاب و كەسایەتییانە كە باوەڕیان بە مافی دیاری كردنی چارەنووس هەیە پشتیوانی خۆیان لەم بەرەیە دەربڕن و تا وەدیهاتنی ئامانجەكانی یارمەتی بدەن.

با پێكەوە بە خەباتی هاوبەش و بە كەڵك وەرگرتن لە گارانتیە جیهانییەكان و بارودۆخی نێودەوڵەتی، لە مافەكانی مرۆڤ و مافی گەلان، لە دیاری كردنی چارەنووسی خۆمان بەرگری بكەین و لەم پێوەندییەدا بە پشت بەستن بە پەیماننامە نێو دەوڵەتیەكان بەرەیەكی مكۆم و بەهێز و كاریگەر دا بمەزرێنین. هەروەها جێی خۆیەتی لێرەدا لەو ڕێكخراوانەی كەلە بواری مافەكانی مرۆڤ و مافی گەلانی بندەستدا چالاكن، داوا بكەین تا یارمەتی ئەم بەرەیە بدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی، ئینسانی و نەتەوەییەكانی و هەروەها پێش لە ناو چوونی پتر لە 45 میلیۆن مرۆڤ لە 5 نەتەوەی گەورەدا بگرن كە هەموو نیزامە شۆڤێنیستیە یەك لە دوای یەكەكانی ئێران لە سەر لە ناو چوون و پاكتاو كردنی ناسنامە و مۆركی نەتەوەییان سوور بوونە و كاریان بۆ كردوە.

باوەڕ و متمانەی ئێمە بە هاوكاری مرۆڤایەتی لە ئاستی جیهانیدا هێز و وزەیەكی تایبەتیمان پێ دەبەخشێ و لەوەش دڵنیاین بەم زووانە پشتیوانی و پاڵپشتییەكی كەم وێنەی جیهانی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەكانمان دەكرێ.

لەم پێوەندییەدا شایانی باسە كە دوو ڕێكخراوی ( كۆنگرەی جیهانی ئازەرییەكان بە سەرۆكایەتی بەڕێز خشتی و حیزبی سەربەخۆی ئازەربایجان) خوازیاری لابردنی وشەی (ئێران) لە ئاخری ناوی بەرەی گەلانن كە لە سەر ئەو خاڵەش ڕێككەوتین لە داهاتوودا كە باس لە پلاتفۆرمی هاوبەش دەكرێ ئەو باسەش بخرێتە بەر ڕاوێژ و ڕاگۆڕینەوە. هەروەها یەكێتی نەتەوەیی ئازەربایجانی باشوور ڕایگەیاند كە لە داهاتوودا پشتگیری لە دەنگی زۆرینە باسی لێوە دەكرێ.

بە هیوای سەركەوتنی گەلانی ژێر زوڵم و زۆری نەتەوەیی و گەیشتن بە ئازادی و مافی دیاریكردنی چارەنووس و بونیادنانی دیمۆكراسی و سكۆلاریزم.

ئەندامانی بەرەی گەلان بۆ مافی دیاری كردنی چارە نووس (ئێران) بریتین لە:

1- یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان.
2- یەكێتی نەتەوەیی ئازەربایجانی باشوور.
3- یەكێتی دیمۆكراتە نەتەوەییەكانی ئازەربایجانی باشوور (بەڕێز بارش).
4- حیزبی خەڵكی بەلووچستان.
5- حیزبی سەربەخۆیی ئازەربایجان.
6- بزووتنەوەی وشیاری نەتەوەیی ئازەربایجانی باشوور.
7- بزووتنەوەی نەتەوەیی توركمەنستانی ئێران.
8- بەرەی دیمۆكراتیكی خەڵكی عەرەبی ئەحواز.
9- بەرەی عەرەب بۆ ئازادی ئەهواز.
10- بەرەی نەتەوەیی ئازەربایجانی باشوور.
11- ڕێكخراوی هۆشیاری توركەكانی خوراسان.
12- كۆمەڵە – ڕێكخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران.
13- كۆنگرەی جیهانی ئازەربایجانیەكان ( بەڕێز خشتی).

بەرەی گەلان بۆ مافی دیاری كردنی چارە نووس (ئێران).
ناوەندی ڕاگەیاندنی بەرەی دیمۆكراتیكی خەڵكی عەرەبی ئەحواز
2005/3/24

# فێستیڤاڵی بەدر خان لە دهۆك



برووسکەی پیرۆزبایی خوێندرایەوە. و وەفدی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان برووسکەی پیرۆزبایی کۆمیتەی ناوەندی پێشکەشی فێستیڤاڵەکە کرد.

دوانیوەڕۆی ئەو رۆژە لە هۆڵی "کتێبخانەی بەدرخانیان " فێستیڤاڵ کارەکانی خۆی بە لێکۆڵینەوەکانی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە دەست پێکرد:

پرۆفسۆر عێزەدین مستەفا رەسوڵ: "بەدرخان".

عەبدوڵلا حەسەنزادە: چەند قسەیەك لە مەڕ رۆژنامە نووسی ئەمڕۆ.

نەجیب بالایی: گۆڤارا هاوار وەك خوەندگەهەکە رووناکبیری و نەتەوایەتی.

بەیان ئەحمەد: بەکار هێنانا ئەلف و بیّیا میر جەلادەت بەدرخان.

عەبدولەتیف ئۆزدەمیر: سەد سالا رەوشا گۆڤار و رۆژنامەییّ کوردستان د باکوورێدا.

رۆژی دواتر واتە رۆژی هەینی هەر لەو هۆڵەدا چەندین بابەتی بە پێزی دیکە پێشکەش کران و رۆژی شەممە 2005/4/23 کاتژمیر 18 لە هۆڵی محەمەد عارف جزیری بە سرودی " بەدرخانی خاك پەروەرم " و بەیانی کۆتایی و بەخشینی خەلاتی رێز لێنان و دابەشکردنی رێزنامەی بەشدار بووان و دوا وتەی پرۆفیسۆر کەماڵ مەزهەر ئەحمەد فێستیڤاڵەکە کۆتایی هات.

ئێمەش وەك ستاڤی بەیداخ جارێکیتر هەزاران سلاو دەنێرین بۆ باوکی رۆژنامە نووسیی کورد میقداد بەدرخان و یادی بەرز و بەڕێز رادەگرین.

# رەشماڵێکی قەرەجانە

جەلال مەلەکشا



لەم جیهانە پەلەوەریش
نیشتمانی بۆ خۆی هەیە
دارستانیّ، تاقەداریّ، ئاوارەش بیّ
نێو ئەشکەوتیّ بن پاساریّ
چۆن شێت نەبم، نەچم بە گژ کوێستانێکا و
چوارڕێیانی گەردوون نەگرم؟
هێشتا بستیّ خاك شك نابەم تێیدا بژیم
تێیدا بمرم
چۆن شێت نەبم
هەموو رێگام لیّ بەسراوە
بە هەر جادە و شەقامێکا رادەبوورم
کەپۆڵکەیەك کلاوێکی سەربازانەی لە سەر ناوە

دڵ و گیرفان دەپشکنیّ
بەڵگەی خواشم لە گەڵدابیّ، رێگەم دەگریّ!
نەکا نەخشەی ولاتێکم لە گیرفان و رەمزی
نهێنی ناوێکم لە دڵدا بیّ
چۆن شێت نەبم؟ تووڕەم .. تووڕەم
وەك ئاگرم ... شمشێرێکی هەڵکێشراوم
لە ناو بریسکەی خوێنی خۆما ئەزریکێنم
هەتا کالان نەدۆزمەوە ئۆقرە ناگرم
خوا ئەزانیّ من حەز ناکەم وەك ئەشقیا


سەرگەردان بم لەم کوێستانە
رێگام بدەن بێمە خواریّ
هیچم ناویّ لەم جیهانە

جگە نەختیّ سەربەستی و
بستیّ خاك و ئالایەك و
رەشماڵێکی قەرەجانە.

# زاوزیّ T.N.T لە یادی کارەساتەکەی

# 4 ئایاری هەولێر

جەهانگیر غەفاری ـ ئاگرین



ئێرە کوردستانە
یان مەملەکەتی نەبەردی رەنگەکانە؟
ئێرە کوردستانە
یان دیوانی چۆڵەوانی
بیری بەرزی خانی ـ مانە؟
ئێرە کوردستانە،
یان ساباتی چاوخنکاو، و
قەسیدەی بیّ شایی و
پەلەی رەنج و قوربانی و ناتەبایی ـ مانە؟
ئێرە کوردستانە
یان ولاتی وەح و فیتوا ـ مانە؟
بە ئاگر نەبیّ نانووسم،
خوێنی ڕژاوی ئەم جارە.
بە نەفرەت نەبیّ نانووسم،
دارستانی شەهادەتی ئەم شارە.
بە خاك نەبیّ نانووسم،
بارانی رەحمەتی ئاسمان و
رەشەبای بەزەیی بیابان و
خەلاتی ... ئافرەتێکی
هەڵوەدای «غیلمان و عەرەب»!
ئاخ ...
بلێی ئێرە ژوانی شێعر و فیشەك و
پێشمەرگە و خەبات بووبیّ!
بلێی ئێرە کەژاوەی درەنگامەی
خەونی زەردەشت و
سروودی سەوزی ئاگر بیّ!
بلێی ...
بلێی ...
بلێی ...
ئێرە زێدی سوار و چیا و سپێدە بیّ!
بلێی ... ئێرە «تەنیا» شەهیدێکی دابیّ!
لە تەمتومانی پیرۆزبایی
دیسانەوە «ون» یان کردین.
لە هەڕەتی سەمای رەنگەکاندا،

دیسانەوە ... وێڵ ـ یان کردین.
لە بەرژەوەنی سەردارەکاندا،
دیسانەوە ...
بەرەو سمکۆڵانی عەرەبچێتی و
دیواخانی پڕئایەتی بەردیان بردین.
بلێی ...
لێرە ... «شۆڕش»ێك
بە خوێن و ئێسك نووسرابیّ!
ـ نە ء ـ نە ء ـ نە ء
بە گومانم ... بە گومانم ... بە گومان . ـ
4ی ئایار ...
لە ولاتی پەرلمان تۆزلێنیشوو، ریفراندۆم خەو لیّ
کەوتوو،
ناسیۆنالیزم،
لە بەر چەقۆی ژەنگ هانیووی حیزبایەتی
غەریب کەوتوو ...
ئاخ ... لەم ولاتە بەرژەوەندی پارت سالارەوا
T.N.T زاوزیّ کردەوە دیسان و
هەولێری لە باوەشی تۆدا،
لە خوێن گەوزاند،
ئاخ ... T.N.T و بیابان و
وەهمی بەهەشت!

■

سەما بکەن شەهوەتپەرەستەکانی خوا!
سەما بکەن
سەما بکەن
هەتا ئێمە دژ بە یەك و ناتەبایی بین،
سەما بکەن ...
بە T.N.Tیەوە سەما بکەن و
ئۆپێرای مەرگ ـ مان بۆ بگێڕن.
با ... ئیمپراتوریای خۆشەویست ـ ی خاك و
بەزێنەری کەرامەتی سستی سێدارە ـ ش
بە مەهابادەوە بقیژێنیّ ...
با ... پڵەنگە نەسرەوتووەکەی باکووریش
بە ئاگری غەریبییەوە بزیرێنیّ ...
با ... گوڕغەریبانی زێد ـ یش
بە ئیفێل و ئەورووپاوە پرسەگێڕی ئەم غەدرە بن.
با ... سەفین و ئەزمەڕ،
بە غەریبی برایەتییەوە بتلێنەوە ...
ئاخ ... 4ی ئایاری 2005.

■

سبەی ـ کام شەقام
ژان بە ژن و تیرۆر و T.N.Tیەوە دەگریّ.
سبەی، کام بنکە و بارەگا،
رووباری خوێن لە ئامێز ئەگریّ.
سبەی، کام پۆلە دایك
رەشپۆش ئەکەن بۆ قوربانی.
سبەی، کام قەڵەم و
کام چەك
بیّ هەڤال دەپێون ئایندە.

■

سەما بکەن ... سەما
هەتا ئێمە دژ بە یەك و ناتەباین بابین،
هەتا ناسیۆنالیزم وەکوو کەرامەتی ئینسانی
کورد،
لە ژێر گوشاری سەختی پارتایەتی
بریندارە و
بیّ دەرمان.
سەما بکەن
یەکی شوبات ... چواری ئایار ...
سبەی کام رۆژ ...
برووسکەی سەرە خۆشی گوێچکەی ئاسمان کەڕ
دەکات

# رۆژنامەگەریی کوردی و دەسەلاتی نەتەوەیی

سۆما

رۆژی 2 ی گولان، یەکێکی دیکەیە لە رۆژە مێژوویی و گرنگ و پڕ بایەخەکانی نەتەوەکەمانە. 107 ساڵ لەمەوبەر یەکەمین، رۆژنامەی کوردی، لە قاهیرە پێتەختی میسر چاوی بە دنیا هەڵێنا. " کوردستان " ئەو تاقانەیە بوو کە بە هیمەتی گەورە پیاوی کورد،" میقداد میدحەت بەدرخان " بووە سەرتۆپ و ڕچەشکێنی رۆژنامەگەریی کوردی. ئەم لە دایکبوونە پیرۆزە، هەر لەوکاتەدا کە ڕوداوێکی گرنگی سیاسیی و ڕۆشنبیری بوو، سەرەتای دەستپێکرانی دەورانێکی تازەش بوو لە ژیانی نەتەوەی کورد کە هەنگاوەکانی دوایی و دواتریشی بەدوادا هاتن.

دەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردیی، لەلایان ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێڕی کوردەوە هەر لەو کاتەدا کە نیشانەی ئاشکرای پێشکەوتنخوازیی و دیاردەیەکی شارستانیی بوو بۆ نەتەوەی کورد، سەبارەت بەوەی لە غوربەتا لە دایك بوو و دواتر بۆ درێژەدان بە حەیاتی، ئەم ولات و ئەو ولاتی کرد، بەڵگەیەکی زیندووی بندەستی و غەدر لێکراوی نەتەوەیەکی گەورە بوو کە هەتا ئەمرۆش سەرەڕای گۆڕانی شکڵ و شێوەکانی و بیجگە لە بەشێکی کەمیی هەر بەو جۆرەیە.

ئەگەر 107 ساڵ لەمەوبەر داگیرکەرانی کوردستان رێگەیان لە دایك بوونی رۆژنامەی کوردستان گرت، ئەمرۆ پاش زیاتر لە یەك سەدە هێشتا لە کوردستانی بن دەستی داگیرکەراندا، بیر و قەڵەم و رۆژنامەی ئازادی کورد بڤەیەو باسی سەرە. هێشتا لە کوردستانی ژێر دەسەلاتی داگیرکەراندا کوردێك نەك لە بەر تێکۆشان بۆ دەرچوونی رۆژنامەیەکی کوردی ئازاد، بەڵکو تەنیا لەبەر هەڵگرتنی رۆژنامەیەکی وا، ئەگەر بێتو دام و دەزگا سیخورییەکانی ئەو دەوڵەتانە، پێی بزانن، دەگیریّ، ئەشکەنجە دەدریّ و ڕەنگە حوکمی قورسیشی بەسەردا بسەپێنریّ.

بەلام نە ڕێگیرییەکانی ئەو دەمی سوڵتانەکانی عوسمانی و شاکانی سەفەوی توانی ڕێگە لە چاپ و بلاوبوونەوەی " کوردستان " بگریّ؛ نە سیاسەتی بکوژە و بڕەی میراتگرانیان توانی بۆ هەمیشە ریّ لە گەڕی قەڵەمی کورد و پەیامە رەسەنەکەی بگرن. بە نرخی ماندوو بوون و کۆڵنەدانی خەباتگێڕانی ئەو مەیدانە، رۆڵە دڵسۆزەکانی ئەم نیشتمانە، لە هەموو شوێنێك و لە هەر دۆخێکدا ئەگەر یەکجار نالەباریش بووبیّ، خەمی نەکوژانەوەی ئەو مۆمەی مێقداد بەدرخانی نەمر دایگیرساند، بە کۆڵەوە بووە و ئەگەر لە هەندەران و بە ئیمکاناتی پشکەوتوو بۆیان لوابیّ ئەوە بەو تەرزە، دەنا لە گەلێك دەور و دەڤەری ولاتە داگیرکراوەکەماندا، شاخ بە شاخ و دۆڵ بە دۆڵ بە سەرەتایی ترین و سادەترین کەرەستە و ئیمکانات بەلام هەر بەو دڵسۆزی و گوڕ و تینەی بەدرخانیەکانەوە رێبواری ماندوویی نەناسی ئەو رێگەیە بوون؛ نەوە بە نەوە، بەرد، بەرد دیواری قەلای رۆژنامەگەریی کوردییان هەڵچنی و وا ئەمرۆ داری ئەو زەحمەت و ماندوو بوونەیان هاتۆتە بەر و سەرەڕای بارودۆخی نالەبارو پڕ کارەساتی کورد کاروانی رۆژنامەگەریی کوردی لە رێدایە و هەوراز و نشێوەکان دەبڕیّ و روی لە ئاسۆیەکی گەش و رووناك و پرشنگدارە و هیچ هێزێك ناتوانیّ بەرەو دوای وەگێڕیّ.

بۆیە، لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا کە ئیتر، دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان لە تواندنەوەی کورد و فەرهەنگ و کەلتورەکەی هیوا بڕ بوون، لێرە و لەویّ ئەم جار بەو نیازەی هەر بە وشە و رستەی کوردی و قەڵەمی قەڵەم فرۆشانی خۆماڵی، پەیام و رەسالەتی رەسەنی رۆژنامەی کوردی و قەڵەمی کوردی، لەبار بەرن، خۆیان لە ژێر چاودێری دام و دەزگا ئەمنی و جاسوسییەکانیان دا، هێندێك ریّ و شوێنیان بۆ چاپ و بلاوبوونەوەی رۆژنامە و گۆڤاری بە کوردی نووسرا و دانا. دیارە هەڵبژاردنی ئەم رێگەیە، پێش هەموو شتیّ، سەرکەوتنە بۆ کورد و بزووتنەوەی سیاسیی و فەرهەنگی و ناچاری و داماوی رێژیمە داگیرکەرەکانە لە بەرامبەر بوون و ناسنامەی سەربەخۆیی نەتەوەکەماندا. بەلام هەر لەو کاتەدا کۆمەڵێك ئامانجی دوژمنانەی سیاسیی و ئەمنیەتی بەم رێگەیەدا تاقیب دەکەن. برێك لەو ئامانجانە بریتین لە: 1- لە رێگەی ژمارەیەك قەڵەم فرۆشەوە، ئامانج و سیاسەت و ئیدئۆلۆژی ئەو رێژیمانە بە کوردی بنووسرێن و رۆڵەکانی کورد بیانخوێننەوە. 2- بلاوکراوەی بە کوردی نووسراو، بەڵگەیەك بن بۆ ئەوەی ئەو رێژیمانەی هەتا سەر ئێسقان دژی کوردن لافی " دێموکراسی " و " پاراستنی مافە فەرهەنگی و رۆشنبیرییەکانی کورد " و " ئازادیی رۆژنامەگەریی " لێبدەن. 3- لە رێگەی ناوەندەکانی بلاو کەرەوەی ئەو جۆرە بلاوکراوانە چاوەدێری و کۆنترۆڵ بخەنە سەر بزوتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری و جموجوڵی نووسەران و رووناکبیرانی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز . 4- دامرکاندنەوەی هەستی لاوانی خاوەن قەڵەم و دورخستنەوەیان لە سەنگەری ئەدەب و رۆژنامەگەریی بەرەنگاریی و دەستەمۆ کردنیان. ئەم مەبەستانە لە هەلو مەرجێکدا کە کورد بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی هەبیّ و سەنگەری خەباتگێڕانی ڕێی ئازادیی و سەنگەری دوژمنان بە روونی دیار بن، پێکانیان لە لایان رێژیمە داگیرکەرەکانەوە دەتوانیّ هێندێك دەسکەوتی بۆیان هەبیّ. بۆیە ئەم راستییانە حوکم دەکەن کە پرسیار بکەین کام " رۆژنامە گەریی کوردی "؟

تایبەتمەندییەکانی بارودۆخی ژیانی کوردان و بزووتنەوە سیاسیی و رۆشنبیری و کۆمەلایەتییەکەی و جۆری رەفتار و شێوەی سیاسەتی رێژیمە داگیرکەرەکان لەگەڵ کورد و کوردستاندا رۆژنامەگەریی رەسەن بیّ ئەم لاو ئەو لا دەخاتە بەرەی بزووتنەوەی رزگاریخوازییەوە کە ئەویش راوەستانە لە بەرامبەر داگیرکەرانی ئەم نیشتمانەدا. بۆیە ئەو رۆژنامە و بلاوکراوەیە بە درێژە پێدەری " کوردستان " دەژمێردریّ کە زبانحالی راستگۆی بارودۆخی کورد و دەربڕی ئامانج و ئاوات و ئارەزووەکانی ئەم نەتەوە غەدر لێکراوە و داواکاری لێبڕاوی مافە زەوتکراوەکانی بیّ. دیارە رۆژنامەگەرییەکی ئاوا و رۆژنامە نووسی ئەو مەیدانە، سەنگەرکانیان یان لە شاخە، یان لە کوردستان ئازادە، یان وەك " کوردستان " ی دایك لە هەندەران و غوربەتایە یان دنا بە نرخی گیران و ئەشکەنجەدران و نان بڕینیان لە لایەن دەسەلاتدارانی ئازادیی کوژەوەیە. ئەم واقیعیەتە تاڵ و تفتە بۆتە هۆی ئەوەی رۆژنامەگەریی کوردی نەتوانیّ لە پای کاروانی رۆژنامەگەریی جیهانی دەربچیّ و لە تێکنۆلۆژی سەردەم کەڵك بە گوێرەی پێویست وەربگریّ.

ئەوەی تا ئێستە باسمان لێوەکرد، سیمای گشتی و مێژوویی رۆژنامەگەریی کوردیە کە کەم تا زۆر دەتوانیّ بەیانی واقیعیەتی رۆژنامەگەریی کورد بیّبە گشتی. بەلام لە شێواز و بارودۆخی تایبەت دا، هەموو پارچەکانی کوردستان وەك یەك نین و هەر وەك چۆن جیاوازی هەلومەرجی سیاسییان هەیە لەم بوارەشدا هەرکام بە کۆمەڵێك تایبەتمەندییەوە لەوانی دیکە جیا دەبێتەوە. لە لایەکی دیکەوە بە سەرنج دان و رامان لە رەوتی رۆژنامەگەریی کوردی و هەوراز و نشێوەکانی، بەستراوەیی ئەم رەوتە بە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردستان، دەردەکەویّ. لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕش، چرای رۆژنامەگەریش هەڵکراوە، کە شۆڕش لە سەرکەوتن دا بووە رۆژنامەگەریی کوردی بە خێرایی لە رووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە بوژاوەتەوە و گەشەی کردوە. وە بە پێچەوانەوە، لە حاڵەتی شکان و رووخان دا لەگەڵ لە دەسچوونی دەسکەوتە سیاسییە نەتەوەییەکان، چرای رۆژنامەگەریی کوردیش لانی کەم بۆ ماوەیەك کوژاوەتەوە. ئەم پێوەندییە بە هێزو راستەوخۆیەی نێوان بزوتنەوەی نەتەوایەتی و رۆژنامەگەریی کوردیی، لە کۆماری کوردستان، لە شۆڕشی ئەیلول و لە پاش رووخانی رێژیمی شای ئێران تەجرەبە کراوە. هەروەها ئەمرۆ لە باشوری کوردستان، رۆژنامەگەریی کوردی لەوپەڕی گەشەکردن دایە و سەدان رۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوەی رۆژانەو حەفتانە و مانگانەو وەرزی و سالانە چاپ و بلاو دەبێتەوە و سەدان نووسەر و رۆژنامەنووسی کورد کە زۆربەیان لە سەنگەری پێشمەرگایەتییەوە پێگەیشتوون قەڵەم دەگێڕن.

ئەم واقعیەتە، حاشا هەڵنەگرانە بەڵگەی زیندوی ئەو راستییەن کە دەرگاکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی، ئابوری، فەرهەنگی و کولتوری بە رزگاری لە بندەستی داگیرکەران و پێکهێنانی دەسەلاتی نەتەوەیی واتە دەوڵەت دەکرێنەوە. با لە 107 ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی دا، رۆژنامە نووسانی رەسەن و نیشتمانپەروەری گەلەکەمان پتر ئەم هەقیقەتە روون کەنەوە و رۆڵەکانی نەتەوەی کوردیش لە پێناو ئازادیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییدا پەرە بە خەبات بدەن.

# سەرپۆشی تەنك و شەڵواری کورت خەوی لە دەوڵەتی ئێران حەرام کردوە!

ئارەزوو




هەوا روو لە گەرمییە و هێدی هێدی کێژانی ئێرانی سەرپۆشەکانیان تەنك دەکەنەوە و جل و بەرگی ناسکتر لەبەر دەکەن. هەموو ساڵێ لەم کاتانەدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەکەونە دانەڕیچێ و هەڕەشە و گوڕەشەی جۆراوجۆر و ئیتر خەو و خۆراکیان لێ حەرام دەبێ!

هەر دوێنێ و پێرێ بوو " سەردار زارعی " فەرماندەی نیرووی ئینتیزامی ئۆستانی تاران گوتی: " بە پێی یاسا لە گەڵ ژنانی مانکەنی خیابانیدا رووبەڕوو دەبینەوە... ئەو رووسەرییانە کە ناکرێ ناوی سەرپۆشی لە سەر دابنرێ و ئەو شەڵوارە کورتانە کە برێ جار دەگاتە تەنیشت ئەژنۆ هەڕەشە لە ئەمنییەتی ئەخلاقی کۆمەڵگە دەکا و ئێمە وەك مەزهەری فەساد سەیری دەکەین و لە دژی دەوەستین".

هەر لەو تارانە و لە هەرێمی ژێردەسەڵاتی ئاغای "زارعی" دا، لە سایەی نێو چاوی موبارەکی ویلایەتی فەقی و دەوڵەتی خامنەیی و خاتەمی‌یەوە 20000 ژنی لەشفرۆش هەیە و دیاردەی دڵتەزێنی ئەوها هەڕەشە لە ئەمنییەتی ئەخلاقی کۆمەڵگە ناکا،!! بەڵام سەرپۆشێکی تەنك، ئەو ئەمنییەتی ئەخلاقییە دەخاتە



مەترسییەوە!!

ئاغای زارعی مانای " مانکەن " نازانێ، تەنیا لەو ماوارە و سەتەلایتانەدا دیویەتی کە بۆ خۆیان حەڵاڵە و بۆ خەڵکی حەرام!

ئەم هەویرە ئاوی زۆر هەڵدەگرێ بەڵام کێ تاقەتی خوێندنەوەی بابەتی دوور و درێژی هەیە. خۆتان بەراوردی ئەو سیاسەت و حوکمڕانییە موبارەکە بکەن. با ویژدانی هەمووی دنیاشی تێوە گلێ.

# ڕۆڵەکانی خۆتان لە ئالوودە بوون بپارێزن

محەممەد رەحمانی

لە ئێراندا لە ژێر چەتری سیاسەتی کاول کەرانەی کۆماری ئیسلامیدا کەمتر بنەماڵە هەیە "اعتیاد" (( گیرۆدە بوون بە مادە سرکەرەکان )) بەرۆکی پێ نەگرتبێتن و کەم ماڵ هەیە ئەو مادە ماڵوێرانکەرە سەری پێدا نەکردبێ.

کچ و کور، لاوان بەگشتی لە کوردستانی بندەستی ئێراندا لە مەترسی ئالوودەبوون بە مادە سەڕکەرەکاندان و ئەوەش بە یەکێ لە گەورەترین قەیرانەکانی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ کە دەیان ئاسەوارو و دیاردەی دزێو و نالەباری کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە. هەر بەم بۆنەوە زۆر بە کورتی لەم بابەتەدا هەوڵم داوە، باوك و دایکانی هاووڵاتی خۆم ئاگاداربکەمەوە هەتا بە شێوەیەکی ئوسوولی چاوەدێری رۆڵەکانیان بکەن.

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە ئەم بابەتە بابەتێکی زانستی نیە و تەنیا ئەزموونێکی کاڵە، بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا بۆ باوك و دایکان بێ کەڵك نیە.

ئالوودە کردن و گیرۆدەکردنی لاوانی ئێمە بە مادە سەڕکەرەکان لە شارەکانی کوردستانی بندەستی ئێراندا، رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندندایە. بۆیە پێویستە نیشانەکانی ئێعتیاد لە لاواندا بناسین هەتا وشیارانە لە بەرامبەر ئەگەرەکاندا رووبەڕووببینەوە.

هەر نیشانەیەکی گومان لێکراو تەنانەت ئەگەر بە هۆی بەکارهێنانی مەوادی ئەفیوونیشەوە نەبێ، لە سیمای لاوێکدا بیندرا بە هیچ شێوەیەك نابێ پشت گوێ بخرێ و لە بەر چاو نەگیرێ. ئەگەر چەند خاڵ لەم نیشانانە لە لاوێکدا، لە مەودایەکی کاتی دیاری کراودا وەدەرکەوت، بێگومان دەبێ بۆ راوێژ و راوەرگرتن سەردانی پسپۆڕ و شارەزای پێوەندیدار بکرێ.

هەندێ لە نیشانەکانی ئاکاری گیرۆدە بوون بە مادە سرکەرەکان لە لاواندا ئەمانەن:

بێ‌مەیلی بە کاروباری نێو بنەماڵە و بێ حورمەتی کردن بە داب و نەریتی بنەماڵە. خۆ دزینەوە لە بەرپرسایەتی لە بنەماڵەدا. هەڵچوون لەکاتی قسە کردندا.. کەم یان



زۆربوونی لە پڕیی رێژەی خۆراك و خواردەمەنی. ون بوونی هێندێ کەرستەی بە نرخی نێو ماڵ. درەنگ گەڕانەوەی بێ‌بیانوو بۆ ماڵەوە. رانەگەیاندنی ئەو شوێنانەی کە سەردانی دەکا. بەهانە هێنانەوە بۆ سەلماندنی ئاکار و کردەوە دزێوەکانی. مانەوەی درێژخایەن لە ژوورەکەیدا. درۆ ووتن سەبارەت بە کارەکانی ودابەزینی لە ناکاوی رێژەی دەرەجەی وانەکانی، هەڵاتن لە قوتابخانە، بێ‌مەیلی کردن بە فێربوون وەنەوزدان لە کلاسەکانی دەرسدا. بەڕێوە نەبردنی مەشق و دەرسەکانی، مل نەدان بە بەرپرسانی قوتابخانە، بێ مەیلی بە جموجۆڵی جەستەیی. نزم بوونەوەی ئاستی بیرکردنەوەی. تووشی لەبیر کردن و فەرامۆشی هاتن و...

گۆڕینی دۆست و هاوڕێیانی. رەشبینی، دەمە قاڵێ زۆر، شڵەژاوی و دڵەڕاوکێ، لە بەرانبەر رەخنە گرتندا دژ کردەوەی توند لەخۆی نیشاندان. کەم یان زۆر بوونی لە ناکاوی کێشی لەش، هەمو کاتێك پێویستی بە پارەیە و..

باوك و دایکان پێویستە پێوەندییەکی توند و تۆڵ دەگەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەی منداڵانی خۆیان دروست بکەن و هەموو زانیارییەك لە یەکتر وەر بگرن.

کۆماری ئیسلامی دەسانقەست داوی بۆ لاوەکانمان تەنیوەتەوە و بە هەموو لایەکمانەوە دەبێ بەرپەرچی ئەو پیلانگێڕییانە بدەینەوە.

# قسەی زل

مام باپیر

تەح ماڵێکتە ئەو دنیایە چەند سەیر و سەمەرەیە، کابرا هەتا ئۆف و چوَف و خۆف لە پاش ناوی ناوەکەیەوە نەبێ خەڵکی گوێ لێ ناگرن! بەڵام ئاخر بڵێ مام باپیر سەری پیری و مارەکەگیری؟

تۆ چ کارت داوە لە قسەی زل و نەستەق؟ نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساو. هەر ئەو چوَف و خۆفانە لێیان دێتەوە. تۆ و وتەی بەنرخ کوجا مەرحەبا؟

بەڵام خوشك و برایانی کورد بڕوا بکەن ئەوندە گڕی خۆشەویستی ئێوەم لە دڵدایە بە خۆ ماندوو کردنێکی یەکجار زۆر بوومەتە خاوەن خامەیەکی خزمەتکار و ئەگەرچی کاڵ و بێ ئەزمون بەڵام بڕیارم داوە ئەوەندە گڕی خۆشەویستی کورد لە دڵی بڵێسەدار بکەم کە تاکێکی کورد دەرگای دڵی خۆی بە مام پیری بە ساڵاچوو دانەخا و جاروبار لایك لە هەناوی سووتاوی بکاتەوە. ئەم جارەیش "مام باپیرۆف" دەستی کردووە بە جانتای مێشکیدا و چەند پەند و قسەی زلی بۆ ئامادە کردوون جا هەتا دوای خوێندنەوەی بە هی نوسەرانی گەورەی دنیای بزانن دەنا بزانن ئەوانە بەرهەمی ساڵانی فەوتاوی مام باپیرن زۆری گوێ نادەنێ!

1– هەتا دەتوانن تاریفی جل و بەرگی خێزان و دەست و پۆخت و چێشت لێنانی هاوسەرەکەتان بکەن.

2– منداڵانی خوتان بە پێوانەی ئەزموونەکانی تەمەنەی خۆتان هەڵمەسەنگێنن و لە خۆڕا لۆمەیان مەکەن.

3– هەوڵ بدەن وەك منداڵەکانتان بن و لەوانەوە دوور نەکەون نەك منداڵەکانتان وەك ئێوە وابن.

4– ژیان فرکەی دێ و یێری بە رۆکتان دەگرێ، بەر لە پەك کەوتن نرخی کارەساتەکانتان بزانن.

5– بریا ژنان ئەو رێزە لە خەڵکی بێگانە و هاوسێ و دراوسێ و کەس و کاری خۆیان دەگرن هەر بەو جۆرەش رێزی مێردەکەی خۆیان بگرتبایا.

6– هەرگیز هاوسەری خۆتان دەگەڵ خەڵکی دیکە بەتایبەت لە بەرچاوی خۆیدا بەراورد مەکەن.

7– رەخنە لە خۆت بگرە و بەرانبەرەکەت لە رەخنە گرتن چەك بکە.

8– لە بەرامبەر ئاوێنەدا چ بنێری ئەوەت بۆ دێتەوە، کەواتە لە بەرامبەریدا، بە سۆز و جۆش و روو خۆش بە و پڕی بکە لە خۆش ویستن.



# بۆ باوك و دایكان

ڕووناك سوڵتانی

هەموو باوك و دایکێك خەمخۆری منداڵەکەی خۆیەتی و تەقەلای راهێنان و پەروەردەکردنی دەدا و حەزی لێیە ئەو ئەرکە بە باشترین جۆر بگاتە ئەنجام. بەڵام گەلێ‌جار بە هۆی کەمتەرخەمی ونەبوونی وشیاری پەروەردەیی، تووشی هەڵەی ئەوها دەبن کە راستەوخۆ لە سەر پێکهاتەی جەستەیی ودەروونی و شەخسییەتی مناڵەکەیان کاریگەریی خراپ بە جێدێڵێ.

دنیای منداڵان جیهانێکی بەرین و قووڵە کە تایبەتمەندیەکانی خۆی هەیە. نیازەکانیان، تێڕوانینیان، بۆچوونیان، بە گشتی لە زۆر رووەوە دەگەڵ گەورەکان تەوفیریان هەیە. بەم بۆنەوە نابێ هەروا ڕەمەکی و دوور لە زانستی دەروونناسی و سایکۆلۆژی، منداڵانی خۆمان پەروەردە بکەین، لانی کەم پێویستە لەو بوارەدا لە ئەزموونی باوك و دایکانی سەرکەوتوو کەڵك وەربگرین. چونکوو بەراستی ئەرکێکی ئێجگار گرانمان سەبارەت بە میرات وەرگرانی خۆمان هەیە. مەبەست لە میراتیش تەنیا سەروەت وسامان نیە و بێگومان سرووشتی جوان و خوو و خەدەی رێك وپێك، جوانترین و بەنرخترین میراتێکە کە باوك و دایك دەتوانێ بە منداڵەکەی ببەخشێ. بۆ نموونە هەندێ لە باوك و دایکان دەبینین کە زۆر ئاسایی منداڵەکانی خۆیان بە "تووتکە سەگ"، "دێڵە سەگ"و شتی لەو بابەتە بانگ دەکەن و پێیان وایە ئەوە نواندنی ئەو پەڕی خۆشەویستییە و ئیتر گوێ نادەنە ئەو جۆرە مامەڵە کردنە دەگەڵ منداڵەکەیان کە راستەوخۆ لە سەر کەسایەتی منداڵ ئاکاری خراپ بە جێدێڵێ، لە هەمان کاتدا دەکرێ لەجیاتی ئەو جۆرە خۆشەویستی دەربڕینە، بە وشەی جوان وەکوو "چەپکەگوڵ"، "گیانەکەم"، "گوڵەکەم"وکەلامی رازاوەتر منداڵانی خۆیان بدوێنن کە لە باری دەروونییەوە منداڵ گەشەی پێدەکا. یان زۆر جار تەنانەت لە جەرگەی بنەماڵەی رۆشنبیران و بیرمەندانی کۆمەڵگای کوردەواری و بگرە وڵاتانی پێش کەوتووشدا کە منداڵێ تووشی هەڵەیەك دەبێ، باوك یان دایکی منداڵەکە خۆی بە توندی لێ گرژ دەکاتەوە و زۆر بێ رەحمانە پێی دەڵێ:" من باوکی تۆ نیم، چیدی من دایکی تۆ نیم، من خۆشم ناوێی و..."، کە ئەوشێوە بەر پرچدانەوە نە تەنیا رێگای راستکردنەوەی هەڵە نیە بەڵکوو بە پێچەوانەوە رەنگدانەوەی خراپی دەبێ، چونکوو منداڵ لە رێژەی خۆشەویستی باوك ودایکی سەبارەت بە خۆی ئاگادار نیە و بەو هەڵوێستە دڵ بریندار دەبێ و زۆر جاریش رێگای لارەملی دەگرێتە پێش و دەڵێ: "خۆشمی ناوێ چش". بەڵام ئەگەر لە بەرامبەر بە هەمان هەڵەدا بە منداڵەکەی بڵێ :" تۆ بابەی خۆت خۆش ناوێ، تۆ دایکی خۆت خۆش ناوی.... "، چونکوو منداڵەکە لە چەندایەتی خۆشەویستی خۆی سەبارەت بە باوك ودایکی ئاگادارە، لێبڕاوانە تێدەکۆشێ هەتا رێژەی خۆشەویستیەکەی بە باوك یان دایکی نیشان بدا و بە دووبارە نەکردنەوەی هەڵەکە، بەتەمایە بیسەلمێنێ کە باوك و دایکی خۆی خۆش دەوێ.

ئەو برگانەی سەرەوە کە ئاماژەی پێکرا چەند نموونەیەك بوون بۆ تەمەنی پێش باڵغ بوونی فیکری و جەستەیی کە لە سێ ساڵانەوە هەتا سێزدە ساڵان دەگرێتەوە.

دیارە ئەم بابەتە پێشنیارێك بوو بۆ باوکان و دایکانی کۆمەڵگای خۆمان کە واز لە داب و نەریتی ووشك و بێرۆح و پەروەردەکردنێکی هەروا ڕەمەکی بێنن و گرینگی بدەن بە پێگەیاندنێکی زانستی و کاتێکی زێتر تەرخان بکەن بۆ درووست کردنی کەسایەتیەکی بە هێز و مافخواز ومافناس و رەوشت بەرز، لە سیما و دەروونی جگەرگۆشەکانی خۆیاندا. بێگومان ئەم بابەتە شیکردنەوەیەکی داهێنەرانە و بابەتی و ئەکادیمی نیە و خۆشەویستی نەوەکانی دواڕۆژمان و هەندێ ئەزموون لەو بوارەدا بۆ نووسینی ئەم بابەتە پاڵی پێوە نام.

# ڕێگایەکی تاریك و بێ گەڕانەوە !

شەهلا تەقی‌پوریان سنە - رۆرژهەڵاتی کوردستان

خۆکوژی ژنان لە ئێران و کوردستاندا بۆتە دیاردەیەکی ترسێنەریی نێو کۆمەڵگا کە بەداخەوە ژنان بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی خۆیان، پەنای بۆ دەبەن کە بێگومان نە تەنیا ئەوە رێگای چارەسەرکردنی کێشەکانیان نیە بەڵکو زۆر جار دەبێتە هۆی گیروگرفتی گەورەتر. بۆنمونە بینراوە ئەو کەسانەی کە دەست ئەدەنە ئەم کارە دزێوە، یان گیانەلا، لە خەستەخانەکان رزگاریان دەبێ و یان کۆمەڵێك منداڵی بێدایك لەپاش خۆیان بەجێ دێڵن!

مافی ژنان لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا پێشێل دەکرێ بە تایبەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی بندەستی داگیرکەرانە. بەڵام پێشێلکردنی ماف و حقووقی ژنان نابێ بیانووی خۆکوژی و خۆ سووتاندن بداتە دەست. ئەو ژنانەی پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن بە بڕوای خۆیان هیچ رێگا چارەیەك بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان نەماوە بۆیە بەناچاری بە بیرێکی تەسکەوە پەنا ئەبەنە بەر خۆکوژی، لە حاڵێکدا ئەسڵەن وا نییە.

ئەو کارە دڵتەزێنە کە زۆربەی ژنان بە تاکە رێگای دەرباز بوون لە ژیانی پڕ چەرمەسەری دەزانن کارێکی ناڕەوا و دڵڕەقانەیە. ئەم نووسراوە وەك نموونەیەکی راستەقینە، لە ژیانی ژنێکی چارە رەشی تەمەن 24 ساڵان باس دەکات کە لە ژیانی هاوسەریی جاڕز و ماندوو دەبێ و لە ئەنجامدا خۆی بە شەپۆلی رەشی خۆسووتاندن دەسپێرێ.

لەو کاتەوە کە "شەرارە" رۆیشتە ماڵی مێرد، بە هەڵکەوتیش خۆشی نەدی، "شەرارە" زۆر سادە و ساکار بوو، زۆر پاك و بێدەنگ بوو. کەس بە دەردی نەدەزانی، مێردەکەی موعتاد بوو. دەردی خوماری کاتێ دەست پێدەکا کە مرۆی گیرۆدە بە مادە سڕکەرەکان، ئەو جۆرە مادەیە کە بەکاری دێنێ وە چنگی نەکەوێ، لەوکاتانەشدا ئیمانی لەلا نامێنێ و هەرچی لەدەستی بێ دەیکا هەربۆیە شەرارەی بێچارەیش زۆرجار دەبوو بە قوربانی ئەو جۆرە رەفتارانە. هاوسەری شەرارە هیچ خۆشییەکی بۆ خێزانی دروست نەکردبوو لەگەڵ ئەوەشدا خەسوویشی تەنگی پێ هەڵچنی بوو.

پاش ساڵێك ژیانی هاوبەش خوا کوڕێکی پێیان بەخشی، بەڵام بە لەدایك بوونی ئەو بەرهەمە جوانیشە هیچ لە زوڵم و زۆری خەسوو و مێردەکەی کەم نەبوو کە نەبوو.

ژیانی "شەرارە" هەروا تێدەپەڕی پێنج ساڵ ژیانی هاوسەریی تاڵ وەك ژاریمار ... رۆژێ شەرارە لەگەڵ مێردەکەی بەشەڕ دێ، مێردەکەی پێی دەڵێ ئەگەر راست دەکەی خۆ بکوژە ئێمەش راحەت بکە. پێش ئەوەی کە شەرارە ئاگر لە خۆی بەردا خەسووەکەی پێی دەڵێ لە ماڵێ خۆت ئاور نەدەی با فەرشەکەمان نەسووتێ!! شەرارە ئیتر سەبری بۆ نامێنێ و نەوت بە خۆیدا دەکاو ئاور لە گیانی بەردەدا. شەرارە لەپێش چاوی خەسوو و مێردەکەی و مناڵەکەی قرچە لە جەستەی هەڵدەستێ و دەسووتێ.

کاتێك دراوسێکانی فریا دەکەون کار لەکار ترازیاگە و شەرارە کە سەردەمانێك جوانترین کیژی گەڕەك و شار بوو هیچ جوانییەك لە روخساریدا نامێنێ. شەرارە دەیویست ژیان بکا، ژیان لە لای شیرین بوو. ئاواتی زۆری لە دڵدا بوو. دەیویست بەگەرمی لەگەڵ هاوسەر و مناڵەکەیدا ژیان بەسەر بەرێ، بەڵام ئەشکەنجە و ئازار وەڕەزی کرد، ئەو تەنانەت لەکاتی خەوتن لە خەستەخانەی فریاکەوتندا ئومێدی بە ژیان زۆر بوو. باسی شتگەلی جوانی دەکرد. من کاتێك هەستم بەوە کرد کە بۆ چاوپێکەوتنی شەرارە چووم بۆ نەخۆشخانە. لە دوای چاك و خۆشی و تێکەڵبوونی فرمێسکی



هەردووکمان شەرارە وتی :"رەنگی لیباسەکانت چەند جوان و رۆشنە." هەر ئەوکاتە من زانیم کە لە دڵی ئەو لێقەوماوە هەژارەدا چ دەگوزەرێت. بەڵام بەداخەوە پاش پازدە رۆژ لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد و ماڵئاوایی لە ژیانی پڕ و ئازاری خۆی کرد.

ئەم بەسەرهاتە بەسەرهاتی یەکێك لە هاوڕێکانم بوو. چارەنووسی "شەرارە" چارەنووسی سەدان ژنی وڵاتەکەمانە. بەڵام ژنی کورد دەبێ بزانێ رێگاکانی خۆ رزگارکردن لەو جۆرە ژیانە سەگمەرگی‌یانە هاسان و زۆرن. هەڵهاتن، جیابوونەوە، هیوا بە دوا رۆژێکی‌تر و ... زۆر ریگای تر هەیە کە ئەخلاقی و شەرعی و عورفییە وەك پەنا بۆ حیزبە سیاسییەکان بردن و زۆر جێگای دیکە کە بتوانێ کەرامەت و شەرافەتیشیان بپارێزێ. خۆ سووتاندن خراپترین و ترسنۆکانەترین رێگایە، رێگایەکی تاریك و بێ گەڕانەوە.

پیاوی کورد زەرووریە ئەوە بزانن کە برێ جار زوڵم و زۆری ئەوان لە ژن و کەنیشکی خۆیان گەورەترین هۆکاری تاوانی لەو جۆرەیە و لە راستیدا گرکانی ستەم جەستەی پاکی "شەرارە"ی سووتاند! و شەرارە رێگاکانی خۆ رزگارکردنی نەدەناسی.

# کرێکارانی کوردستان چۆن یەکەمی مانگی مای بە رۆژی هاوپشتی دادەنێن؟

ئاسۆ

رۆژی جیهانیی کرێکار لە هەلومەرجێکدا گەڕاوەتەوە کە، سەرەڕای پەرەگرتنی رەوتی بەجیهانی بوون و بەسترانەوەی دنیا بەیەکتر، جیاوازیی ئاستی گەشە و پەرەسەندنی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی وڵاتان و دانیشتوانیان؛ خەم و خەونەکان، ئازار و ئارەزووەکان، ویست و داخوازەکان و ئەرك و بەرنامەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی هەر وڵات و نەتەوەیەکی جیاواز و تایبەتمەند کردوە. لە کاتێکدا کرێکارانی وڵاتانی پێشکەوتوو، قۆناغی دیموکراتییان بڕیوە و بارودۆخی ژیان و کاریان رۆژبەڕۆژ روو لە باشتر بوونە و بۆ هەرچی باشتر کردنی ژیان و هەلومەرجی کاریان تێدەکۆشن، کرێکاران لە وڵاتانی دوواکەوتوو و بندەست و بەرفەرمانی دیکتاتۆران نەك تاگەیشتن بەو قۆناغە مەودایەکی دوور و درێژیان لەبەرە، بەڵکوو تەنانەت لە ئازادیی دەربڕینی ویست و ئارەزووەکانیان بێبەشن و هەر جۆرە دەنگهەڵبڕینێکیان بە زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدان وەڵام دەدرێتەوە خۆ ئەگەر کرێکاری نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی وەکوو کوردیش بن، ئەوە هەموو مەینەت و نەهاتیەکانی رۆژگاریان یەکجێ لە سەر بارە.

کرێکارانی کورد وەك هەموو دانیشتوانی کوردستان بەدەست ئازارەکانی سەرچاوە گرتوو لە داگیرکرانی وڵات و زەوتکرانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسییەوە دەناڵێنن. ئەرکی رزگاریی لە بندەستی داگیرکەران و وەدەسهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان، کرێکاران و زەحمەتکێشان و باقی چین و تووێژەکانی کوردستان لە یەك سەنگەری هاوبەشدا و لە ژێر یەك ئاڵا دا، یەکگرتووانە بەرامبەر بە یەك دوژمن کۆدەکاتەوە کە ئەویش سەنگەری کوردایەتی و مەتەرێزی نەتەوە و ئاڵای پیرۆزی کوردستانە. لە رووکاری ئەو بەریشەوە رزگاری کوردستان و دامەزراندنی کیان و دەسەڵاتی نەتەوەیی، کرێکاری کورد لە بەردەستی، ئاوارەیی، بێبژێوی و ژیانی کۆڵەمەرگی ئازاد دەکا و بەرەو بەختەوەری و سوودوەرگرتن لە داهاتی نەتەوەیی و بەشداری عادڵانە لە سامان و سەروەتی کوردستان و پارێزرانی کەرامەتی ئینسانی دەبا.

بەم خوێندنەوەیە، رۆژی جیهانیی کرێکار لە کوردستان، رۆژی هەموو رۆڵەکانی نەتەوەی کوردە و بۆنەیەکە بۆ دەربڕینەوەی ویست و داخوازەکانی کوردان بۆ رزگاری نەتەوەیی، ئازادی و دەربڕینی بێزاری لە حوکم و دەسەڵاتی دیکتاتۆری و داگیرکەریی. بۆنەیەکە کە تێیدا، کرێکاران، زەحمەتکێشان، کاسبکاران، ژنان، مامۆستایان، مووچەخۆران، لاوان و خوێندکاران بۆ رەتکردنەوەی داگیرکەری و دیکتاتۆری، بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی و وەدەسهێنانی هەموو ماف و ئازدییە دیموکراتییەکانیان دەنگ و ئیرادەیان یەکدەخەن. بۆیە لەتکردنی ریزەکانی نەتەوە و لەبەریەکدا راگرتنی بەشێکیان بەرامبەر بەشێکی دیکە بە ناوی" ناتەبایی لە ئاشتی نەهاتوو"، خەسارەتی گەورە لە کورد ئامانج و مافەکانی دەدا. پێویستە هەموو رۆڵەکانی نەتەوەی کورد، بە هەموو چین و تووێژەکانیەوە، بە یەکرێزی و یەکێتی رزگاری نەتەوەیی و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی وەدی بێنن.

لە لایەکی دیکەوە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەم رۆژەدا، لانی کەمی چاوەڕوانیان لە کرێکارانی وڵاتانی پێشکەوتوو و یەکێتییەکان و سەندیکا کرێکارییەکان ئەوەیە کە لە خەبات بۆ ئازادیدا، پشتگیریان لێبکەن و بەربینگی ئەو دەوڵەتانەیان بگرن کە بایەخە ئینسانییەکان لەگەڵ قازانجە ئابوورییەکانیان دەگۆڕنەوە و چاوپۆشی لە پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ و چەوساندنەوەی نەتەوەیەکی کۆڵۆنی کراوی 40 ملوێنی دەکەن و دەبنە پاڵپشتی رێژیمە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکانی حاکم بەسەر کوردستاندا.

کرێکارانی نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە، کە خەبات لە پێناو ئازادی و دیموکراسی و مافە ئابوورییەکاندا پردی پێوەندییانە لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، دەبێ لەم رۆژەدا وێڕای هێنانە گۆڕێی داخوازە رەواکانی خۆیان، سیاسەتی شۆڤینیستی و داگیرکەرانەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان مەحکوم بکەن و لە خەباتی کوردان بۆ ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی، پشتیوانی بکەن.

کرێکارانی کوردستان تەنیا بەمجۆرە دەتوانن، لە هەست و هەڵوێستی "هاوپشتی" و "هاوپێوەندی" کرێکارانی جیهان و ناوچەکە دڵخۆش و دڵنیا بن و یەکەمی مانگی مای بە رۆژی "هاوپشتی" و "هاوپێوەندیی" کرێکاران دابنێن. دەنا کرێکاری وشیاری کورد ئامادە نییە، مافەکانی خۆی بکاتە قوربانیی.

هێندێك دروشم و تیۆری فریودەرانە.

# یەکی شوبات و چواری ئایار، ....

تیرۆریست پەروەران خواستە مادییەکانی خۆیان بە هەڵخڵەتاندنی مرۆڤی کاڵفام و لە رێگای جۆراجۆر و بە پیلانی رەنگاوڕەنگی مەعنەوییەوە جێبەجێ دەکەن!

کاتژمێر 9:15 ی سەرلە بەیانی 14ی گولانی 2705ی کوردی ( 2005/5/4) لە ئاکامی تاوانێکی وەحشیانەدا پۆلێ لە لاوانی کورد و رۆڵەکانی کوردستان شەهید کران.

شەهید کردنی 46 لاوی کورد لە هەولێر و بریندار کردنی دەیان کەسی دیکە لە کارێکی قیزەونی تیرۆریستی خۆ کوژانە و بە دەستی هەڵخڵەتاوێکی دیکە و درووست کردنی کارەساتەکانی 1ی شوبات و 4ی ئایار لە ژێر ناوی جیهاد و ئیمان و بە هەر بروبیانوویەکەوە بێ، هەرگیز ناتوانێ ئەو ئامانجە شوونەمای نەیارانی کورد وەدیبێنێ.

کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە راگەیەندراوێکی رەسمیدا کە لە کاناڵەکانی تەلەفیزیۆنی کوردستانەوە بڵاو کرایەوە وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری شەهیدانی ئەو کارەساتە و ئاواتی چاك بوونەوەی هەر چی زووتری بریندارەکان ئەو کردەوە دژی ئینسانی و نامرۆڤانەیەی مەحکووم کرد و لە بەشێکیدا دەبێژێ:

" گومان لەوەدا نیە کە رێکخەرانی ئەم تاوان و مرۆڤکوژییانە، هێز و دەوڵەتگەلێکن کە دژی نەتەوەی کورد و ماف و ئازادییەکانی پیلان دەگێڕن و تێدەکۆشن لە سەر رێی ئازادی و پێشکەوتن و ئاسودەیی کورداندا لەمپەر پێك بێنن. بەڵام لە راستییدا تەنیا باری تاوانەکانی سەرشانیان قورستر دەکەن و ناتوانن کار لە ئیرادەی نەتەوەیەك بکەن کە سەدان ساڵە لە بەرامبەر درندەترین دەسەڵاتدارانی ناوچەکەدا خۆی گرتووە و کۆڵی نەداوە".

تاوانی لەوە قورستریش کورد بە چۆکدا ناهێنێ و دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان لە لایەن 40 ملوێن مرۆڤی کوردەوە پشتیوانی دەکرێ و دەپارێزرێ. سەرەنجام مەرگ و نەمان هەر بۆ تیرۆریستان و دوژمنانی کورد و کوردستانە.

# بەیاننامەی کۆمەڵێ لە نووسەران، ....

38. ئیجلال قەوامی
39. محەمەد سدیق کەبوودوەند
40. بێهزاد کوردستانی
41. رەووف کەریمی
42. لۆقمان کەریمیزادە
43. محەمەدوەلی کاکایی
44. جەلال مەلەکشا
45. ئسکەندەر مورادی
46. ئیراهیم مینویی
47. سابیر میکاییلی
48. فەرزاد میرئەحمەدی
49. مادێح مەجیدی
50. دانا مەنووچێهری
51. حەمزە محەممەدی
52. مەحموود موبارەکشاهی
53. عەباس مورادیان
54. سەیران مەهابادی
55. هیوا نادری
56. موحسێن نیکخواه
57. عەلی نووری
58. ئەنوەر نەویدیان
59. عەزیز ناسری
60. موختار هوشمەند
61. لالە یەزدانجوو

# کۆچیدوایی وەستا عەبدوڵڵا نادری باوکی شەهید حەمەڕەش

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە کانیسانانی مەریوانەوە وەستا عەبدوڵڵا نادری باوکی شەهید حەمەڕەش، پاش چەن مانگ بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگدا ماڵاوایی یەکجاری لە ژیان کردوە. کاك عەبدوڵڵا نادری یەکێ لەو باوکە نیشتمانپەروەرانە بوو کە منداڵەکانی بە بیر و هەستی کوردایەتی گۆش کرد. بێجگە لە شەهید محەمەد، کاك برایمی کوڕیشی هەر بووە قوربانی رێگەی ئازادی نیشتمانەکەی و ئێستاش ژمارەیەك لە نەوەکانی لە ریزی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان لە خەبات و تێکۆشاندان.

بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك عەبدوڵڵا نادری. بە ناوی سەرکردایەتی و هەموو خەباتگێڕانی ریزەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و دەستەی نووسەرانی "بەیداخ"، پرسە وسەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی سەربەرز و کەس و کاری بەڕێزیان دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانین. هیواداریین خوای گەورە شادی بگەڕێنێتەوە دڵی هەموو لایەك و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکاتەوە.

# ناڕەزایەتی خوێندکارانی زانکۆی ئازادی ئیسلامی سنە

## لە هەمبەر سەرکوت کردنی ئازادی رادەربڕین و پێشێل کردنی مافی خوێندکاراندا

لەم کۆڕە بەشکۆیەدا کە نزیکەی 3/5ی خایاند، ماوەی 2 کات ژمێر و نیوّ لە گرتنی کۆڕەکە تێپەڕ بوو، هێشتا «فەکوور» بەرپرسی زانکۆی ئازادی ئیسلامی سنە لە ژوورەکەی نەهاتە دەرێ و ویستی کە خوێندکاران بڕۆنە مزگەوت یان هۆڵی کۆبوونەوەکانی زانکۆ، ئەوجا وڵامی داوخوازییەکانیان بداتەوە.

لەم نێوانەدا خوێندکاران بە ئاماژە بەوەیکە لە مانگرتنێکیتردا کە چەند مانگ لەمەو پێش بەڕێوە چوو و بەم جۆرە کۆڕەکەیان پووچەڵ کرابووەو داواکارییەکانیان بەتاڵ راگەێندرابوو ئەم بڕیارەیان رەت کردەوە و بە تەواوی جەختیان لە سەر ئەوە کرد کە هەر لە نێو حەساری بەربڵاوی زانکۆدا فەکوور بە داوخوازییەکانیان وڵام بداتەوە.

لە ئاکامدا فەکوور ناچار کەوت و لە ژوورەکەی هاتە دەرەو و لە نێوان خوێندکاراندا ئامادە بوو و خوێندکاران بە دەربڕینی ناڕەزایەتی و راگەیاندنی داواکارییەکانی خۆیان لە فەکوور ویستیان کە بە زووترین کات هەڵوێستی خۆی روون بکاتەوە و کردەوەکانی بە ئەنجام بگەینێت و لە درووشم دان دووری بگرێ.

فەکوور سەرەتا لە کورتە ئاماژەیەکدا بە پێچەوانەوە وتی: بەو بۆنەوە دێر هاتم، ویستم کە ئێوە باسەکانی خۆتان تەواو بکەن و تۆزێك کۆڕەکە بێدەنگ ببێت.

فەکوور لە درێژەی وتەکانیدا وێڕای دانـنان بە مافی رەوای خوێندکاران و داواکارییەکانی ئەوان بڕیاری دا کە داوخوازییەکانیان جێبەجێ بکات و هەنگاو بۆ سازکردنی کەش و هەوایەکی لەبار بۆ چالاکی خوێندکاران لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا هەڵبگرێت، کە خوێندکاران لە هەمبەر ئەم جۆرە بڕیارەدا (بە ئاماژە بەو کارانەی کە بەم جۆرە بڕیار بووە لە رابردوودا جێبەجێ بکرێت) دژایەتی خۆیانیان دەربڕی و بە وەرگرتنی بەڵگەیەك لە فەکوور بۆ جێبەجێ کردنی ئەم داوخوازییانە وازیان لێ هێنا و وتیان: ئەگەر لە هەمبەر ئەم داوخوازییانەی ئێمەدا هەر چەشنە کەم تەرخەمییێك بێتە ئاراوە، ئێمە درێژە بە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی خۆمان ئەدەین.

هەروەها لە ئاقاری مانگرتنەکەدا کە رۆژنامەنووسان و هەواڵنێرانی چاپەمەنی و راگەێندراوە جیاوازەکان بەشدارییان هەبوو، هەواڵنێران پێش هاتنی فەکوور بۆ نێو خوێندکاران رۆیشتنە دەفتەرەکەی و ویستیان بزانن هۆکاری چییە کە نایەت بۆ نێو خوێندکاران و وڵامی داوخوازییەکانیان بداتەوە. لە ئاکامدا لە لایەن بەرپرسی حەراسەتی زانکۆوە سووکایەتییان پێ کراو تاوانبار کران و لە زانکۆ کرانە دەرەوە و هەروەها کامێرای یەکێك لە هەواڵنێرانیان برد.

جێ باسە کە ئەم کۆڕە بە شێوەیەکی دیار و تا رادەیەك لە برێ شوێندا نادیار، بۆ دیاری کردن و ناسینی کەسەکان (بۆ دوا رۆژ) لە ژێر چاوەدێری هێزە ئاسایشییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوو دەوروبەری زانکۆ پڕ بوو لە هێزە ئاسایشییەکان کە زۆربەیان جل وبەرگی نیزامیان لە بەردا نەبوو و بە لە بەر کردنی جل وبەرگی خەڵکی عەوام ئامادە بوون بۆ هەر چەشنە رووبەڕوو بوونەوەیەك.

هەروەها بە پێ دوایین ئاگادارییێك کە لەم بارەوە هەمانە تاکو ئێستا چەند کەس لە خوێندکاران کەوتوونەتە بەر هەڕەشە و باری ئاسایشی ژیانیان لە مەترسی دایە.

# 30 گولان و سەرقافڵەیی نەسڵی جەوان

کەژوان

لە سەدەی ڕابردوودا بزووتنەوەی رزگاری خوازیی گەلی کوردستان، گەلێ ئەزموونی تاقی کردەوە. لە هەموو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردستاندا، داگیرکەران زەبری قورسیان وەبەر کەوت و گەلی کوردیش قوربانییەکی زۆری لە پێناو رزگاربوونی لە بندەستی، پێشکەشی کوردستان کرد.

لە سەدەکانی 19و20 دا لە کوردستاندا ڕاپەڕینی زۆر و پەیتا پەیتا سەری هەڵدا و لە هەموو سەرهەڵدان و شۆڕشەکانیشدا، شەڕی نابەرابەری هێزی تا سەر ئێسقان چەکداری داگیرکەر لە لایەك و پێشمەرگەکانی وڵات داگیرکراوی کەم چەك، لە لایەکی دیکەوە، بەشێکی گرینگ لە مێژووی ناوچەکە و گەلی کورد پێکدێنن.

پاش ئەوەی کە هەر کەرتێکی کوردستانی دابەشکراو کەوتە ژێر دەست و رکێفی داگیرکەرێکی بێ بەزەیی و بێویژدان، وێڕای بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی کوردستان، داگیرکەران دەستیان دایە رەشەکوژی کورد و هەزار هەزار مرۆڤی کورد بوون بە قوربانی سیاسەتی چەوت و دژی مرۆڤایەتی دوژمنانی کوردستان. هەر بۆیە هەتا ئێستاش داگیرکەرانی کوردستان و گەلی کورد، دوو قوتبی دژ بەیەك و ناتەبان.

14 ساڵ لەمەوبەر پۆلێك لاوی لێهاتووی بە ئەزموونی رۆژهەڵاتی کوردستان بە وردبینی لە خەون و خەمی داهاتوو و چارەنووسی نەتەوەکەیان، لەپاش کۆماری کوردستان و حکومەتی جوانەمەرگی پێشەوای نەمر، بۆ یەکەم جار لەو پارچەیە و لەسەر خاکی کوردستان ئاڵای کوردستانیان هەڵکردەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردییان کردە ئامانجی ئیستراتیژی و دەسەڵاتداریی نەتەوەییان لە قەوارەی سیستمێکی فیدرالیدا لە ئێران کردە رێباز و سیاسەتی خۆیان بۆ ئەم قۆناغە وحیزبی سیاسیان بۆ دامەزراند.

بە دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان گەلێ دۆست و دوژمن، یارو نەیار پێیان وابوو ئەوە، خەون و خەیاڵە و جگە لە ئۆتۆنۆمی داواکردنی هەر چەشنە مافێکیتر بۆ کورد، داواکارییەکی نادروست و ناواقعییە و وەدیهاتنی ئەو ئاواتەشیان بە شتێکی مەحاڵ دەزانی! بەڵام ئەو خەونە هاتە دی. یەکەم ماڵی کورد رزگارکرا و کوردی باشووریی کوردستان لە ژێر ئاڵای نەتەوەیی خۆیاندا حەساونەتەوە. بەڵام لەو رۆژانەدا کە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان دامەزرا، تیری تانەی دوژمنان و لۆمەی دۆستان، بە نیاز بوو مەیدان بەو لاوە خوێن گەرمانە چۆڵ بکا! بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە ناڕاستانەوە، وزەو هێز و توانای لەبن نەهاتووی ئەو رەوتە سیاسی و فیکرییە، بە زووترین کات لە سەر لەبەری کوردستاندا دەنگ وڕەنگی دایەوە.

یەکەم هەنگاوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بەهێز کردنی هۆشی نەتەوەیی و رێسوا کردنی سیاسەتی چەوتی داگیرکەران بوو. هەر بۆیە رێژیمی میراتی خومەینی جەللاد، لە یەکەمین دەرفەتی تێرۆریستیدا و لە 4هەمین مانگی دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا، رێبەر و سەرکردەی ئەو هێزەی لە پیلانێکی تیرۆریستیدا کردە نیشانە و دڵی گەورەی ئەو سەرکردە گەنجە لە لێدان کەوت و سەفەری بۆ لای نەمرانی کوردستان کرد. بەڵام ئەو زەبرە کاریگەرە و ئەو سەفەرە ناوەختە، بۆ ماوەیەکی کورتیش نەیتوانی ببێتە کۆسپی بەرەو پێش چوونی ئەو رەوتە رزگاریخوازە و قوتابیانی شەهید سەعید یەزدانپەنا، لەسەر رێگای مامۆستای داهێنەری خۆیان سوورتر بوون و رووسوور و شەرافەتمەندانە ئەو ئاڵایەی هەڵیان کردبوو، شەکاوەیان راگرت.

بێگومان ئەگەر ئەو حەرەکەتە بە هەر هۆیەك بشکایێ، جگە لە دڵخۆشی دوژمنانی گەلی کورد، ئیتر لەوانە بوو جارێکی تر هێزی گەنج و لاوی کوردستان نەیوێربا و رێگەی بە خۆی نەدابا، هێز و توانای خۆی لە ئاستی رێبەرایەتی شۆڕشدا تاقی بکاتەوە. بەڵام ئێستا بەو ئەزموونە سەرکەووتو و جوانەوە کە RUK پێشکەشی کوردەواری کردوە، ئێمە لاوانی کوردستان دەتوانین و رێگە بە خۆمان دەدەین شانازی بە خۆمانەوە بکەین و تەنانەت لە هێڵەکانی رێبەرایەتی سیاسیدا خۆمان تاقی بکەینەوە و تیۆریسیەنی کوردمان تێدا هەڵبکەوێ و لێبڕاوانە کارێکی ئەوتۆ بکەین راوێژمان پێ بکرێ.

ساڵی 2691ی کوردی(1991) لە رۆژی 30ی گولاندا، سەرکردەیەك کە تەنیا 28 بەهاری بە چاو دیتبوو، دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی راگەیاند. شەهید سەعید یەزدانپەنا لە تەمەنی 13ساڵانەوە لە خەباتی نهێنی نێو شارەوە دەستی کرد بە خەبات و تێکۆشان و بۆ خۆ پێگەیاندن و گەیشتن بە ئەوپەڕی فامی سیاسی، ئۆقرەی نەبوو و شەو رۆژی خۆی پێکەوە گرێدەدا. هەر ئەم ماندوونەناسییە کردی بە یەکێ لە رێبەرانی دڵسۆزی شۆڕش و بە تەمەنێکی کەمەوە خەرواری بەرهەمی بۆ شۆڕش و کوردایەتی بەجێهێشت. ئەو بەرهەمانە نوێ بوون و بۆ یەکەمجار باس دەکران و نەسڵی نوێ پەرچەمداری بوون.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان سەلماندی کە نەسڵی جەوان هێزی لەبن نەهاتووی کۆمەڵگای کوردەوارییە و لە 14ساڵ خەباتی بێوچاندا هەر ئەو هێزە پێشەنگی شکاندنی چەمکە دەق گرتووەکان و داهێنەری رێباز و دروشمە نوێیەکان بوە و لە هەمان حاڵدا هێزی چالاك و هەڵسووڕی خەباتی بە کردەوەش بوە.

لە یادی 14ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا سلاوی ئەمەگ ووەفا بۆ شەهیدی دامەزرێنەر سەعید یەزدانپەنا وهەموو شەهیدانی 14 ساڵ خەباتی پاك و خاوێن و دڵسۆزانەی RUK و تێکۆشەرە کۆڵنەدەرەکانی وهەزاران سلاو بۆ شەهیدانی رێگەی رزگاری کوردستان.

# Beydax

**APublication by Revolutionaries Union of kurdistan**

**سایتی ئەنترنێتی، ئیمایل، فاکس و تەلیفوون و ناونیشانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان:**

www.ruk2691.com
ruk2691@yahoo.com
ruk.europa@betuwe.net
mobil: 009647504480467
TEL: 0031263252693
fax: 0031263252157
Hewler: 2226682

هەولێر شەقامی شەست متری، کۆڵانی 19،
گەڕەکی 336 –مامۆستایان– ژمارەی خانوو 7.

NO: ( 7 ) May 2005


## دووکەڵی جگەرە و تاقیکارییەك

"ناوەندی پاراستنی ژینگەی منداڵان" لە ئەمریکا 4400 قوتابی خستە ژێر چاودێری و لە ئاکامی ئەو چاودێری و لێکۆڵینەوەیەدا بۆیان دەرکەوت ئەو منداڵانەی کە لە دووکەڵی جگەرە نەپارێزراون لە وانەکانی خوێندن و دەرەجەی دەرسەکانیاندا ئاستێکی نزمتریان هەیە لە چاو ئەو خوێندکارانەی کە لە دووکەڵی جگەرە پارێزراون.

زانایان رێژەی "کاتینین" کە لە بڵاو بوونەوەی نیکۆتینی جگەرە لە لەشی مرۆڤدا دروست دەبێ لە رێگای خوێن، لیکی زار، قژ و مووی سەر، دیاری دەکەن ئاستی کارتێکردنی دووکەڵی جگەرە لە سەر مرۆڤ حیساب دەکەن!

## شوێنی سەر سەوز تەمەن درێژی دێنێ


بە پێی توێژینەوەیك لە زانکۆیەکی شاری توکیوی ژاپۆن، دەرکەوتووە ئەو کەسانەی کە لە شوێنی سەوز و پڕ لە گوڵ وگیادا دەژین، تەمەنێکی درێژتریان دەبێ. لەو لێکۆڵینەوەیەدا (3144) کەسی تەمەن سەرەوەی (80) ساڵان پرسیاریان لێکراوە کە رێژەی بوونی دار ودرەخت و سەوزایی لە شوێنی ژیانیاندا لە چ ئاستێکدایە؟ وە هەروەها ئەم پرسیارەیان ئاراستە کراوە کە بە درێژایی رۆژ تا چەندە ژوورەکانیان خۆری لێدەکەوێ؟ پاش تەواو بوونی لێکۆڵینەوەکە دەرکەوت ئەو کەسانەی کە لە شوێنی سەر سەوز و پڕ لە گوڵ و گیادا ژیاون و ژوورەکانیان زۆرتر تیشکی هەتاوی وێکەوتووە باری تەندروستییان زۆر چاکتر بووە و تەمەنیان درێژتر بووە. واتە هاوڵاتیانی دانیشتووی دەرەوەی شار و دێهاتەکان تەمەن درێژترن لە دانیشتوانی شارەکان.



ژنی "تکاور" لە فەرهەنگی ئاخوندییدا

### پەندی پێشینیان

* پیاو سەر ئەدۆڕێنێ قسە نادۆڕێنێ.
* منارە دەڕووخێت و گۆمەز دەمێنێ.
* ئەوەی پێم کرد خێر، لێم بوو بە گورگ و شێر.
* گەر ناتوانی شارێك بینا بکەی دڵێك ئاوەدان بکە.
* پیاو قوتابییە و رۆژگار مامۆستا.
* دۆڵی قووڵ قەت بێ ئاو نابێ.
* بە پێکەنینی زاڵم باوەڕ مەکە.
* بۆ پیاوی عاقڵ قەڵەم نەشتەرە.



## رقوذقن

### داستانی من و پێناسە ئێرانییەکانم و وەسیەتێك

ب.سمکۆ

23 ساڵ بەر لە ئێستا لە کاتێکدا دووایین تاقیکردنەوەی قوتابخانەم سەرکەوتووانە تەواو کرد بوو و دەمویست لە هۆڵی تاقیکردنەوەکان بچمەدەرەوە، ناوم لەگەڵ ناوی 3 کەسی دیکە خوێنرایەوە و پاش ماوەیەك بۆ "بەڕێوەبەرایەتی فێرکردن و پەروەردەی شارستانی بۆکان" بەڕێکراین. لەوێ سەرۆکی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کە ریشنێکی چڵکن بوو پاش پرسینی ناوەکانمان بە بزەیەکی درۆزنانەوە داوای لێکردین ماوەیەکی کەم چاوە ڕوان بین. ماوە کە زوو تێپەڕی. ئۆتۆمۆبیلێك خۆی کرد بە حەوشەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەدا. شۆفیرێك و 2 پاسداری چەك بە دەست بوون. ئێمە کە لە سەر قسەی جەنابی سەرۆکی پەروەردە لە چاوەڕوانییدا بووین، بە فەرمانی پاسدارەکان سواری ئۆتۆمبیلە کە کراین، ئەملاولایان لێگرتین و پاش 10–15 دەقیقەیەك خۆمان لە بەڕێوەبەرایەتی ئیتلاعاتی رێژیم دیتەوە. چاومان بەستراو داوامان لێکرا قسە نەکەین!

منێ کە تا ئەوسا لە زیندانێکی گەورەدا بووم، لە زیندانێکی پچووکتر پەستێنرام و لە حاڵێکدا هێشتا بە تەمەنی قانوونی نەگەیبووم و میرمنداڵێکی شلك و ساوا بووم 3 ساڵان لە خۆشترین ساڵەکانی تەمەنم لە چواردیوارییەکانی زیندانەکانی "ئێران" لە نێو ئەشکەنجە و ئێعدام و خەمدا بردە سەر! ئێستاش قسەکانی دایکم لە گوێداماوە ئەو کاتەی لە ژووری چاوەڕوانیی بەڕێوەبەرایەتی ئیتلاعات راگیرا بووین، لە دەرەوە بە کاربەدەستانی دەگوت: "کوڕەکەم منداڵە، هیچی نەکردووە، لە ئیمتیحان بووە، نانی نەخواردووە و خواردنەکەی نیوەڕۆییم بۆ هەڵگرتووە، هەر ئەمشەو بیدەنەوە بەیانی خۆم دەیهێنمەوە".

بەکام عەشق و کام هیواوە ژیانی بندەستیم درێژەدابا؟ چۆن سۆزم بۆ ئێرانێك هەبێ کە سەرۆکی پەروەردەکەی قوتابی خۆی راو بکا و بیخاتە بەر ددانی گورگ؟ چۆن لە نیزامێ یاخی نەبم کە لە ژوورەکانی قوتابخانەوە گوێزامیەوە بۆ ژوورەکانی زیندان و مامۆستام لێبوو بە ئەشکەنجەگەر و دەرس و دەورم لێبوو بە لێکۆڵینەوە و تەحقیق؟ بۆیە بڕیارم دا بۆ تێکدانی ئەو زیندانە گەورە روو لە شاخ کەم و ببمە پێشمەرگەی ئازادیی وڵاتەکەم.

ئەو رۆژەی لە گەل دایکم دووایین هەنگاوەکانی دەرچوون لە سنووری زیندانە گەروەکەم دەبڕی، پێناسە " ئێرانی"یەکەم بە دڵەوە بە یەکجاریی پێشکەشی" پارێزەرانی تەواوەتی خاکی ئێران کردووە". هەرگیز بۆی پەژیوان نەبوومەوە و وەدووی ناسنامە و پێناسی راستەقینەی خۆم کەوتم!

نە من و نەباووکانی من بە رەزامەندیی خۆمان " شناسنامەی ئێرانی"مان هەڵنەبژارد بوو. عەجەمە مرۆڤخۆرەکان بە زۆرداریی و بەزەبری پەت و سێدارە و چاڵەڕەشەکانیان بە سەریانداسەپاند بووین. ئەو عەجەمەی تاوانی"موکری قڕانی" لە دژی هاوزێدەکانم خولقاندووە و سەرکردەکانمی یەك بە دوای یەکدا ناجوامێرانە لە خوێن گەوزاندوە و گوڵی تەمەنی 2 برا و ژمارەیەکی بەرچاو کەسوکار و هەواڵمی لە رێژیمە یەك لە دوای یەکەکاندا هەڵوەراندوە. هەر وەك لە باخچەکانی ئەوبەریشمان دەسەڵاتدارانی ترك و عارەب بەو تەرزەیان لەگەڵ پسمام و دوودمامەکانم کردوە!

بۆیە ئێستا گەلێك خەمگین و دڵناشادم کە جارێکی دیکە برینەکەمیان کولاندووەتەوە وناسنامەیەکیان بەسەردا بڕیوم کە هەمان ناسنامەی قاتڵەکانی هەمزاغای مەنگوڕ و سمکۆ و پێشەوا و ئێحسان نوری پاشا و قاسملوو و شەرەفکەندی و سەعید یەزدانپەنایە! لە کاتێکدا لەو فۆرمەدا کە پڕم کردبووەوە نووسیبووم " کوردم و کوردستانی".

لەو رۆژەوە ئەم ناسنامەیەم لە گیرفان خستووە، وەك گرێ لە سەر دڵم خڕ بووە. دەترسم رۆژێك بەو دەردەوە بمرم و بەوداخەوە سەربنێمەوە کە نەبوومە خاوەن شناسنامەی راستەقینەی خۆم! بەڵام هاورێکانم! هاوپۆلەکانم! سوێندتان دەدەم بە پاکی کیژە ئەنفالکراوەکان و چاوە لەڕێکانی ئەو منداڵانەی باوکەکانیان لە ئەنفالدا رۆیشتن، مەهێڵن پێناسی سەرگۆڕەکەم ئەنفال بکرێ و شناسنامەی سەر کێلەکەم بە دروستی وەك خۆی بنووسن:"نەعارەبم نە ئێرانی، نە ترکێکی شاخستانی، هەر کورد بووم و هەر کورد دەبم"!

## لەم مانگەدا..

1ی گوڵان 2626 ك ( 1926 ز) دامەزرانی قوتابخانەی کچان بۆ یەکە مجار لە شاری سلێمانی.

2/2 /2598 ك ( 1898ز) بڵاوبوونەوەی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە قاهیرە لە سەر ئەرکی میقداد مێدحەت بەدرخان.

2/4 /2680 ك ( 1980ز 1359 ھ) سەرەتای شەڕی 37 رۆژەی بانە.

2/5 /2676 ك ( 1976 ز) کۆچی دوایی ئەسعەدی مەحوی.

2589/2/11 ك ( 1889 ) رۆژی جیهانی کرێکاران .

2668/2/12 ك ( 1968 ز 1347 ھ ) شەهیدکرانی سماییل شەریفزادە و هاوڕێیانی.

2705/2/14 ( 2005/5/4 ) و لە کارێکی خۆکوژانەی تیرۆریستیدا لە هەولێر 46 لاوی کورد شەهید کران ودەیان کەس بریندار بوون.

2/19 /2645 ك ( 1945 ز) کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی.

2/22 /2646 ك ( 1946ز) بڵاو بوونەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی هاواری کوردستان.

2/25 /2644 ك ( 1944 ز ) بڵاو بوونەوەی گۆڤاری هەتاو.

2/27 /2339 ك ( 1639 ز) دەوڵەتی عۆسمانی و سەفەوی کوردستانیان دابەشکرد و" پە یمانی زەهاو" یان بەست.

2619/2/30 ك ( 1919 ز ) راپەڕینی شێخ مە حمووی نەمر.

2691/2/30 ك ( 1919ز) دامەزرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

2/31 /2624 ك ( 1924 ز ) بۆمبارانی شاری سلێمانی.

## چەلەحانێی میرزا



ئومێد

**ئە حمەدی نژاد( پاڵێوراو بۆ سەرۆك کۆماری ): ئێمە ماموورییەتی مێژوویمان بۆ بنیاتنانی ئێرانێکی پێشکەوتوو و قورس و قایم هەیە.**
میرزا:کاول بێ ئەو مەملەکەتەی ئێوە ئاوەدانی دەکەنەوە.
**خامنەیی( رێبەری رێژیم ): مانای راستەقینەی "مەرگ ونەمان بۆ ئەمریکا" هەوڵ دان بۆ پێشکەوتنی وڵاتە.**
میرزا: تۆ 11ی سپتامبر دروست نەکەی ئەمریکا بۆ دێتە جیرانیتەوە؟
**لاریجانی ( بەڕێوە بەری رادیۆ تەلەفزیون ): ژنان لە پێگە سەرەکییەکانی نیزامن.**
میرزا: بە رێژەی ئەو ژنانەدا دیارە کە خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان پالاوتووە.
**راوێژکاری وەزیری ناوخۆ: گۆڕەپانی هەڵبژاردەنەکان دەبێ شاییهێنەر بێ.**
میرزا: تکایە ئەوەی جوزولەیەکی هەیە بەرەو بنکەکانی دەنگ دان بەرێ کەوێ.
**رەفسە نجانی ( پاڵێوراو بۆ سەرۆك کۆماری ) : بۆ خزمەت کردن بە خەڵك ئامادەم.**
میرزا: هێشتا باخەڵەکانی گۆشەی خاڵی تێدا ماوە.
**ئیمام جومعەی بروجرد: بەشداری کردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا نیشانەی زیندوو بوونی رێژیمە.**
میرزا: یانێ 4 ساڵ جارێ دەمرن و زیندوو دەبنەوە.
**نووری هەمەدانی ( بەرپرسێکی ئایینی ): سەرۆك کۆماری داهاتوو دەبێ لە گەڵ هەژاریدا بەرەنگاری بکات.**
میرزا: هەر وەك رەفسەنجانی کە ئێستا هیچ برسی و هەژارێك لە عەشیرە و تایفەکەیدا نابینرێ.
**قالیباف ( پاڵێوراو بۆ سەرۆك کۆماری ): ئەگەر هەڵبژێردرێم دەوڵەت تۆزتەکێنی دەکەم.**
میرزا: ئەو دەوڵەتەی تۆ تۆزی دەتەکێنی تان و پۆوەکەی رزاوە.
**مستەفا موعین( پاڵێوراو بۆ سەرۆك کۆماری ): دەورانی قارەمان سالاری کۆتایی پێهات.**
میرزا: لەمەوبەدوا دەورانی خوێری سەرداریيە.
**کەماڵی خەڕازی ( وەزیری دەرەوە ):دژی لابردنی سەدام بەو شێوازەی ئەمریکا بووین.**
میرزا: خەم مەخۆن ئەمریکا گوێی سەدامی گرت، با کلکی ئێوە بگرێ.